گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی( 1) ژمارە ( 1)
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

# ڕۆڵی کەناڵە تەلەفیزیۆنییە ئاسمانییەکانی (P.K.K) لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا .

# توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV).

هاوڕێ محمود رسول[1]، ژیلوان عبدالله أحمد[2]

[1]م. ی لە بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

[2]م. ی لە پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

hawre.rasool@univsul.edu.iq[1]

**پوختەی**

ئەم لێکوڵینەوە مەیدانیە لەژێر ڕوشنایی هەردوو میتۆدی (مێژویی و وەصفی) و بەوەرگرتنی ڕێبازی ڕوپێوی(مەسحی) لە میتودی وەصفی دا لەسەر مشتە(عەینە) یەك لە جەماوەری شاری سلێمانی ئەنجامدراوەو هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK. tv ) و (RONAHI.tv) کە پارتی کرێکارانی کوردستان خاوەنداریێتی دەکات وەك مشتە (عەینە) ی کەناڵە ئاسمانیەکانی ئەو پارتە وەرگیراون.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەزانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دروستکردنی گیانی ئینتما بۆ نەتەوە لای هاولاتی کورد، هاوکات دەرخستنی ڕۆڵیان لەبایەخدان بەمێژووی نەتەوایەتی کورد و دەرخستی وێستگە جۆر بەجۆرەکانی ئەو مێژووە، لەلایەکی ترەوە زانینی ڕۆلی کەناڵە ئاسمانیەکانی ئەم پارتە سیاسیە لە ئاراستەکردنی هاولاتیانی کوردستاندا بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەکانی وەکو (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی ، ماف چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی).

توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی دیاریکراو گەیشتووە ، گرنگرینیان خۆی دەبینێتەوە لە :

1- لەمیانەی ڕای (58.7٪) ی مشتەی توێژینەوەکەدا توێژەران بۆیان روون بۆتەوەکە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV) ڕۆڵیکی باش و بەرچاویان هەبووە لە بایەخدان بە مێژووی نەتەوایەتی کورد و دورخستنی قۆناغە جوربەجۆرەکانی و ڕووشنکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی لەسەردەمی هەژموونی جیهانگیریدا.

2-لە میانەی ڕای نەرییانەی (63٪) ی بەشداربووانی مشتەی توێژینەوەکەدا توێژەران بۆیان دەرکەوت کەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV) خاوەن ڕۆلیکی نەرینی ولاوازن لە ئاراستە کردنی هاولاتیانی کوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەکانی وەکو(ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی کۆنفیدراڵی، ماف چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی) دا.

3- توێژەران گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ڕۆلی هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( STERK.TV) و (RONAHI.TV) لە دروستکردن و قوڵکردنەوەی گیانی ئینتما بۆ نەتەوە لای هاولاتی کورد لەئاستیکی زۆرباش و بەرچاودایە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

**ملخص البحث:**

دور القنوات التلفزيونية الفضائية التابعة لحزب العمال الكوردستاني(P.K.K) في نشر التوعية القومية. بحث ميداني على كلتا القناتين الفضائيتين (STREK TV) و (RONAHI TV)

قد اجرى هذا البحث تحت الضوء المنهجين (التأريخي والوصفي)،وقد تم اختيار الطريق (المسحي )في منهج الوصفي ،وذلك بأخذ عينة من المواطنين في مدينة السليمانية ،وقد أخذت كلتا القناتين ((STREK TV) و (RONAHI TV) التابعتين لحزب العمال الكوردستاني كعينة من القنوات الفضائية التابعة لهذا الحزب.

يتجسد أهم أهداف هذا البحث في معرفة دور القنوات الفضائية لحزب العمال في خلق الولاء للوطن عند مواطن الكورد، مع الاهتمام بالتأريخ الوطني الكوردي وبيان المحطات المتنوعة لهذا التأريخ ،ومن جانب آخر معرفة دور هذه القنوات في توجيه المواطنين الكورد لتحقيق مطالبهم القومية مثل (الحكم الذاتي ،الفدرالية ،الكونفدرالية ،حق التقرير المصير و تاسيس الدولة الكوردية).

وقد وصل البحث الى نتائج محدودة، من أهمها:

1- من خلال آراء أكثرية العينة، قد تبين للباحثان ان كلتا القناتين (ستيرك و روناهی) كان لهما دور بارز وجيدفي الاهتمام بالتأريخ القومي الكوردي و ابراز محطاتها المتنوعة، وبيان مصطلح النضال القومي خاصة في عصر هيمنة العولمة.

2-من خلال الآراء السلبية للمبحوثين، وضح للباحثان أن أكثرية من العينة يرون أن القناتين (ستيرك وروناهي) لديها دور غير الفعال وضعيف في توجيه مواطني الكورد نحو تحقيق الأهداف القومية مثل (الحكم الذاتي ،الفدرالية، الكونفدرالية، حق التقرير المصير وتأسيس الدولة الكوردية).

3- توصل الباحثان الى نتيجة أن قناتي (ستيرك و روناهي) لديها دور جيد جدا وفعال في خلق وتعميق الولاء الوطني في شعور المواطن الكوردي .

**Abstract**

This research has been conducted in light of both methods of (Historical and Description) which have been carried out through the regulation Survey & Description methods, on a group of people of Sulaimanya City on both satellite channels, (STREK TV) and (RONAHI TV), which are run by PKK. These two channels taken as sample among others that are belong to this party.

The fundamental outcome of this research can be seen in identifying the role of satellite TV channels of PKK in creating affiliation spirit towards the nation in the heart of Kurds- in addition to explaining their role in historical background of Kurdish nation in all its historical stages. In the other hand information on the role of these TV channels of the political party in directing people of Kurdistan in order to work on national demands such as; (autonomy, federalism, confederation, self-determination, Kurdish statehood), besides one of the goals of this research is, knowledge on the capacity of these Channels in establishing connection between Kurdish community in abroad and Kurdish people in Kurdistan

This research has been achieved some specific results; the most important are:

1. Within attitude of %58.7 of the research sample, the researchers came to conclusion that both channels RONAHI and STREK TV have critical role in taking Kurdish national history into account, explaining its stages, enlighten global national concepts.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

2. Within negative responses of %63 of participants in the survey the researchers realized that both TV channels RONAHI and STREK have negative and weak roles in directing people of Kurdistan to achieving the national demands such as; (autonomy, federalism, confederation, self-determination, Kurdish statehood).
3. Both TV channels RONAHI and STREK have a great role In creating and deepening affiliation spirit among Kurdish individuals based on conclusion of researchers.

### یەكەم: پێشەكی و لایەنی میتۆدی توێژینەوە:

#### 1- پێشەكی:

ئاشكرایە لە ئێستادا جیهان لەسەردەمێكدا دەژی كە دەزگاكانی ڕاگەیاندن تیایدا لە ئاڕاستەكردنی تەواوی جومگەكانی ژیانی كۆمەڵگاداكاریگەرو خاوەن هەژموونێكی دیارن وبونەتە سەرچاوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری گشتی، ئەم هۆشیاری بەخشینەش لە بنەڕەتدا بە یەكێك لە ئەركە سەرەكیەكانی ئەم دەزگامیدیایانە دادەنرێت.

كەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەكانیش وەك یەكێك لە ئامرازە دیارەكانی ڕاگەیاندن ، كە كار لەسەر هەردوو هەستی بینین و بیستن و ژانرە ڕۆژنامەوانیەكانی جوڵەو ڕەنگ ونوسین و وێنەی وەستاووجوڵاو و چەندین تایبەتمەندی تری میدیایی دەكەن _ بوونەتە ئەندامی هەموو خێزانێك و دامەزراوەی كاریگەری كومەڵایەتی و نیشتمانی هەركۆمەڵگایەك و ئامرازی هۆشیاری هەرنەتەوەو میللەتێك.

لە سەرتاسەری كوردستانداكەناڵە ئاسمانیە كوردیەكانیش لەمیانەی بەرنامەكانیاندا_ بەجیاوازی بواری چەندایەتی وچۆنایەتی ئەو ڕۆڵەیانەوە، بوونەتە سەرچاوەی پێدانی زانیاری و سەكۆی ڕۆشنبیری و دەروازەی هۆشیاری بەخشین بۆ بینەرانیان ، هاوكات ئەنجامدانی هەرگۆڕانكاری وبەرەو پێشچوونێك لە پرسی نەتەوەییكوردیدا بەبێ بەشداری كارای دەزگا میدیاییەكان بەگشتیوهۆشیاری بەخشینی كەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەكان بە تایبەتی بێبەرهەم دەبێتو سەركەوتوو نابێت.

لەو ڕوانگەوە ئەم توێژینەوە مەیدانیە سوڕاغیڕۆڵیكەناڵە ئاسمانیەكوردیەكانی(STERK.TV)و(RONAHI.TV) و پارتە خاوەندارەكەشی –پارتی كرێكارانی كوردستان–دەكات لە پێدانی هۆشیاری نەتەوەییدا،ئەمەش لەو دیدەوە سەرچاوەی گرتووە،كە توێژەران پێیان وایە تاكو ئێستاڕۆڵیان لە كایەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا ڕۆشن نیەو نازانرێت تاچەند بوونەتە مینبەرێك بۆ بڵاوكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی بۆ هاوڵاتیانی كوردستان.

ئەم توێژینەوەمەیدانیە لەژێر سایەی میتۆدی (مێژوویی) و( وەصفی) و بەوەرگرتنی ڕێبازی( ڕوپێوی _مەسحی ) لە (میتۆدی وەصفی ) دا لەسەر دوو كۆمەڵی ومشتەی جیاواز ئەنجامدراوە ،ئەوانیش بریتین لە: (كۆمەڵ ومشتەی كەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی كوردی) و ( كۆمەڵگا ومشتەی بینەرانی سنوری پاریزگای سلێمانی) .

توێژینەوەكە دوای خستنەڕووی لایەنی میتۆدیی و پێناسەی چەمك و زاراوەكان دەروازەیەكی بۆ لایەنی تیۆری تەرخانكردووە،كە تایبەتە بە( گرنگی پێدانی كەناڵە ئاسمانیەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان بە بونیادنانی هۆشیاری نەتەوەیی) و لە ژێر ئەو ناونیشانەدا هەریەكەلەبابەتەكانی (سەرهەڵدان و مێژووی پارتی كرێكارانی كوردستان– P.K.K)و( بایەخ پێدانی پارتی كرێكارانی كوردستان بەدەزگاكانی ڕاگەیاندن) و(هۆشیاری نەتەوەیی لەدیدی پارتی كرێكارانی كوردستان دا) توێژینەوەیان لە بارەوە كراوە،دواتر شیكاری لایەنی مەیدانی كراوەوگرنگترین ئەنجامەبەدەستهاتوەكانیش خراونەتەڕوو، لەكۆتایی توێژینەوەكەشدا ئاماژە بەهەریەكلەپێشنیارو ڕاسپاردەكان و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بەزمانی ئینگلیزی كراوە.

#### 2- لایەنی میتۆدیی توێژینەوە:

##### 2-1: كێشەی توێژینەوە:

كێشەی هەر توێژینەوەیەك لەبوونی نادیاری وناڕۆشنی ئەو بابەتەوەسەرچاوەدەگرێت،كە توێژینەوەی لە بارەوە دەكرێت،هەر ئەوەشە پاڵ بە توێژەرەوە دەنێت كە هەوڵ بدات ئەو ناڕۆشنی و نادیاریە لە میانەی توێژینەوەیەكی زانستیدا ڕۆشن بكاتەوە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە، کە قسە زۆرە سەبارەت بەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی بەگشتی و کەناڵە تەلەفیزیونییەوە ئاسمانییەکان بە تایبەتی لە ڕووی چەندایەتیەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوندان و بەرنامەی هەمەجۆریان هەیە بەلاَم لە بەرانبەردا هەستی نەتەوەیی دروستکردن کەمەو لە بارتەقای ئەو گەشەکردنە چەندایەتیەدا میدیای کوردی لە سەر پرسی نەتەوەیی کاری نەکردووە و بایەخی ئەم کەناڵەتەلەفیزیۆنییە ئاسمانیانە لەکایەی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەییدا نابینرێت.

ئەمەش لەو ڕوانگەوە توێژەران هەستیان بەوەکردووە ،کە بۆ ئەم قۆناغەی کەلە ئێستادا نەتەوەی کوردی پیادا تێپەردەبێت هۆشیاری نەتەوەیی پێویستیەکی گرنگەو بەلایانەوە جێگەی بایەخە کە ڕۆڵی هۆشیاری بەخشانەی کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەگرنگی پێدان و بلاَوکردنەوەی ئەو هۆشیاریەدا بخەنەڕوو لەبەرئەوەی تاکو ئێستاناڕوشنەو ڕۆڵیان لەو بوارەدا ڕوون نەکراوەتەوە،بەتایبەت کەخاوەندارێتی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV)و(RONAHI.TV) بۆپارتی کرێکارانی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئاشکراشەکەئەم پارتە تێروانین وفەلسەفەیەکی جیاوازتری لە پارتەکانی باشوری کوردستان هەیە بۆ نەتەوەو هۆشیاری نەتەوایەتی و هەڵگری بیری مارکسی بووە لەڕابردوودا لە ئێستاشدا هەڵگری بیری( نەتەوەی دیموکراتیك)ە، لەو ڕوانگەوە دەبێت تێڕوانینیان – کە لەڕێگەی هەردووکەناڵە ئاسمانیەکانی (STERK.TV) و(RONAHI.TV)یەوەڕایئەگەیەنن چیبێت بۆبلاَوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە پێناوی پەروەردەکردنی هاولاَتیەکی هۆشیارو بونیادنانی نەتەوەیەکی هۆشیاردا؟
توێژەران بە جێگەیبایەخیان زانی کە ڕۆڵی هۆشیاری بەخشینی نەتەوەیی هەردوو کەناڵی ئاسمانی ناوبراو لە کایەی نەتەوەیی کوردیدا ڕوونبکەنەوە.
لەمیانەی ئەم توێژینەوەزانستیەدا توێژەران هەوڵ دەدەن ئەو لایەنەنادیارانەی ئاماژەیان پێکرا ڕۆشن بکەنەوە.

### 2-2: گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت، کەلەئەرکێکی بنەڕەتی و گرنگی میدیادەکۆڵێتەوە،کە هۆشیاری بەخشینە،ئەمەش لەو ڕوانگەوەیەوە،کە پێگەیاندنی هاولاَتیەکی هۆشیار بەرانبەر بە نیشتمانەکەی و پێدانی ڕۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی لەئەرکە هەرەسەرەکی یەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانییەکانە بەتایبەتی.

لەهەمانکاتدالێکۆلێنەوە لەبوارێکی زیندووی ناو ژیانی نەتەوەی کورد دەکات ،کەهۆشیاری نەتەوایەتیەو پێداویستی ئەم قۆناغەی ئێستای نەتەوەی کوردە،هەروەهاڕۆڵی ئەم کەناڵە ئاسمانیانە لەپێدانی ئەو هۆشیارییە مێژوویی و نەتەوەیی یەوهاوکات لە قوڵکردنەوەی گیانی پابەندبوونی نەتەوەییدا دەردەخات، لایەنێکی تریش،کەگرنگی توێژینەوەکە زیاتر دەردەخاتئەوەیە،کە پارتی کرێکارانی کوردستانوەك پارتێکی کوردی کە فەلسەفەیەکی سیاسی دیاری کراوی هەیەو هەمیشە گرنگی زۆری بەدامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی داوەو بۆ گواستنەوەی پەیامەکانی،لەو بارەیەوەلەسەر ئاستی دەرەوەی ولاَت خاوەنی یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی بووە کە کەناڵی ئاسمانی (میدیا تیفی_Mediya tv.)بووە.لێرەوە توێژینەوەکە ڕۆڵی تەلەفیزیۆنە ئاسمانییەکانی ئەوپارتەی باکوری کوردستان و تەنانەتتێڕوانینی ئەو پارتە سیاسیەش دەردەخات لەبایەخدانی بەڕۆشنبیری وهۆشیاری نەتەوەییو ئاڕاستەکردنی هاوولاَتیان بەرەوهێنانەدی خواستە نەتەوەیەکانیان ،کە بالاَترینی ئەو خواستانەش پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە، کە لەئیستادا باس و خواسی زۆری لەبارەوە دەکرێت.

ئەمەسەرەڕای ئەوبایەخەی ،کەئەم توێژینەوەیە هەنگاوی یەکەمە لەبواری خستنەڕووی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان بە گشتی و کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی (P.K.K) بەتایبەتیو تاکو ئێستا لەڕێگەی توێژینەوەی زانستیەوە تیشك نەخراوەتە سەرئەم بوارە، لەم گوشەنیگایەوە توێژینەوەکەدەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ خوێنەران و توێژەران لە داهاتوودا ،هەروەك خزمەتێکیشە بە ئاڕاستەی زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە بواری نەتەوایەتیدا.

هاوکات دەکرێت لەڕێگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانوڕاسپاردەکانیەوە توێژینەوەکەبکرێتە هاوکاروسەرچاوەیەکی زانستی بۆبەخۆداچوونەوەی میدیایی هەردوو کەناڵی ئاسمانی ناوبراوودارشتنەوەی پلانی نوێی بەرنامەکانیان،بەتایبەت پێداچوونەوەبکرێت

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

سەبارەت بەئاستی بایەخپێدانیانبەپرسی هۆشیاری نەتەوەیی و لەپلانی بەرنامەکانیاندا لەداهاتوودا لەئاستی باڵاتر و جێگەی بایەخی زیاتردا دابنرێت.

**2– 3:پرسیارەکانی توێژینەوە:**پرسیاری سەرەکی ئەم توێژنەوەیە خۆی لەم پرسیارە سەرەکیەدادەبینێتەوە:

ئایا کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV) ی سەر بە (p.k.k) تاچەند رۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی دا هەبووە ؟ئەم پرسیارە سەرەکیەش چەند پرسیارێکی لاوەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

أ_ ئایا کەناڵە ئاسمانیەکانی(STERK.TV ) و(RONAHI.TV ) ی سەر بەپەکەکە تاچەند رۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری نەتەوەیی و بەشداری لە پەروەردەکردنی هاووڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر پرسی نەتەوەکەی هەبووە ؟

ب_ ئایا کەناڵە ئاسمانیەکانی (STERK.TV ) و(RONAHI.TV) ی سەربە(p.k.k) ،تاچەند رۆڵیان لەبایەخ پێدانیان بە مێژووی نەتەوایەتی کوردو خستنەرووی قۆناغ و وێستگەجیاوازەکانیورونکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی لەسەردەمی باڵادەستبوونی جیهانگیریداهەبووە ؟

ج_ئایا کەناڵە ئاسمانییەکانی (STERK.TV ) و(RONAHI.TV)سەر بە (p.k.k)تاچەند رۆڵیان لە ئاراستەکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەکانی وەکو (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی)هەبووە؟

د_ ئایا کەناڵە ئاسمانییەکانی (STERK.TV ) و(RONAHI.TV) سەر بە(p.k.k) تاچەند توانیویانە لە دروستکردن و قوڵکردنەوەی گیانی ئینتما بۆ نەتەوە لای هاوڵاتیانی کوردرۆڵیبینن؟

ه _ ئایا کەناڵە ئاسمانییەکانی (STERK.TV ) و(RONAHI.TV) سەر بە (p.k.k)تاچەند رۆڵیان لە گرنگی پێدان بەگفتۆگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەیی بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی سەرجەم پارچەکانی کوردستانهەبووە؟

**2– 4:ئامانجەکانی توێژینەوە:**ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

أ– زانینی رۆڵی کەناڵەئاسمانییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(STERK.TV ) و(RONAHI.TV) لەبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری نەتەوەیی و بەشداری لە پەروەردەکردنی هاوڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر پرسی نەتەوەکەی .

ب_زانینی رۆڵی کەناڵەئاسمانییەکانیپارتی کرێکارانی کوردستان (STERK.TV ) و(RONAHI.TV) لەبایەخپێدانیانبە مێژووی نەتەوایەتی کوردوخستنەرووی قۆناغ ووێستگەجیاوازەکانیو روونکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی لەسەردەمی باڵادەستبوونی جیهانگیریدا.

ج_زانینی رۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(STERK.TV ) و(RONAHI.TV)لەئاراستەکردنی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەکانی وەکو (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی).

د_زانینی رۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (STERK.TV ) و(RONAHI.TV) لە دروستکردن و قوڵکردنەوەی گیانی ئینتما بۆ نەتەوە لای هاوڵاتی کورد.

ه _زانینی رۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(STERK.TV)و(RONAHI.TV) لەمەرگرنگی پێدانیان بەگفتۆگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەیی بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی سەرجەم پارچەکانی کوردستان.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)  PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5  Feb/2017

**2–5:میتۆد(منهج)ی توێژینەوە**:توێژەران لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا لەرووی میتۆدییەوەپشتیان بەمیتۆدەكانی(مێژوویی) و(پەسنی) بەستووە، هاوكات لە میتۆدی پەسنیدا، كەمیتودێكی تایبەتە لەبواری توێژینەوە لەسەرڕۆڵی دەزگاكانی ڕاگەیاندن ڕێبازی ڕوپێوی (مەسحی) وەرگیراوەو پەیرەو كراوەو لەو سۆنگەیەوەتوێژینەوەكە ئەنجام دراوە.

**2–6: ئامراز وشێوازی كۆكردنەوەی زانیاریی**: ئامراز وشێوازی كۆكردنەوەی زانیاری توێژینەوەكەش خۆی دەبینێتەوەلە(فۆرمی ڕاپرسی) بۆدەستخستنی ڕای جەماوەری مشتەی توێژینەوەكە،هاوكات (سەرچاوە سەرەكی ولاوەكیەكان) بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی چەمكەكانی ناونیشان و باسكردنی لایەنی تیۆری توێژینەوەكە.

**2–7 : كۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە**: ئەم توێژینەوەیە كار لەسەر دوو كۆمەڵ ومشتەی جیاواز دەكات كەبریتین لە:

- 1كۆمەڵومشتەی كەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی كوردی: كومەڵی توێژینەوەكە(كەناڵە تەلەفیزیۆنیەئاسمانیە كوردیەكان) دەگرێتەوە، مشتەی كەش هەردووكەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و(RONAHI.TV) لەخۆدەگرێت، كەنوسینگەیان لە شاری سلێمانیدا هەیە.

2– كۆمەڵگاومشتەی بینەرانی پارێزگای سلێمانی: لەم ڕوانگەیەوە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بینەرانی سنوری پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە، مشتەی توێژینەوەكەش بریتیە لە(50) بینەری سنوری پارێزگای سلێمانی، كەخۆی دەبینێتەوە لەجۆری (مشتەی هەرەمەكی ڕێكخراووچینایەتی)،وەك لە خشتەی ژمارە(1) دا ئەو چین و توێژانەو ژمارەی مشتەی وەرگیراو لە هەریەكێك لەو چین و توێژانە ڕوون كراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (1): مشتە (عەینە) ی توێژینەوەكەلەڕوویپیشەوە :**

| ژ | پیشە | دوبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | خوێندكاریزانكۆ | 10 | ٪ 20 |
| 2 | مامۆستا | 5 | ٪ 10 |
| 3 | یاریدەدەرپیپزیشكی | 2 | ٪ 4 |
| 4 | كاسب | 4 | ٪ 8 |
| 5 | كەسایەتیئاینی | 1 | ٪ 2 |
| 6 | پۆلیس | 3 | ٪ 6 |
| 7 | فەرمانبەر | 13 | ٪ 26 |
| 8 | شوفێر | 2 | ٪ 4 |
| 9 | ژنیماڵەوە | 1 | ٪ 2 |
| 10 | كرێكار | 2 | ٪ 4 |
| 11 | چالاكوانیمەدەنی | 3 | ٪ 6 |
| 12 | كادیریحزبی | 4 | ٪ 8 |
| كۆ | | 50 | ٪ 100 |

**بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری مشتە ی توێژینەوەكە توێژەران بە پێویستیان زانی ئاماژە بكەن بە هەریەكە لە:أ– هۆكاری هەڵبژاردنیئەم مشتەیە:**

1–سەبارەت بەهۆكاری هەڵبژاردنی مشتەی جەماوەری گشتی سنوری پاریزگای سلێمانی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، كە سنوری پاریزگای سلێمانی بۆ توێژەران (وەك شوێن ) بۆ دابەشكردنی فۆرمی ڕاپرسی ئاسانتربوو،هاوكات وەك هەڵبژاردنی جۆری

گۆڤاری زانستی زانكۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی( 1) ژمارە ( 1)
PP:02-30 ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017 Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

جەماوەریش توێژەران پێیان وابوو كە (جەماوەری گشتی)بەجیاوازی ئاستی خوێندن وچین و توێژە كومەڵایەتیەكانیەوە باشتر توانستی هەڵسەنگاندنی بێلایەنانەو بابەتیانەی ڕۆڵی ئەو دووكەناڵە ئاسمانیەی لە بلاَوكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی داهەیە .

2- سەبارەت بەهۆكاری هەڵبژاردنی كەناڵە ئاسمانیەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان،كە خۆیان لە كەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانییەكانی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV)دەبیننەوە ،بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،كە كەرووماڵ و پەخشی بەرنامەكانی هەردووكەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی (STERK.TV )و(RONAHI.TV)- وەك هەندێك لە كەناڵە ئاسمانیەكانی تریان-تایبەت نین بە پارچەیەكی دیاری كراوی كوردستان وبەشەزارێكی (شێوەزاری) كوردی دیاری كراو، بەڵكو بایەخ بە گواستنەوەی پەیامەكانی (p.k.k)ئەدەن لە تەواوی كوردستاندا،هەروەهابەهەردوو شێوەزاریكرمانجی ژووروو كرمانجی ناوەڕاست بەرنامەكانیان پەخش دەكەن.

3-بەراورد بە كەناڵە ئاسمانیەكانی تری ئەو پارتە دەرفەتی دەستگەیشتن بەو دوو كەناڵە ئاسمانییەی مشتەی توێژینەوەكە لەلایەن توێژەرانەوە زیاتر وئاسانتربوو، بەتایبەت كە هەردوو كەناڵ نوسینگەیان لە شاری سلێمانیدا هەیە.

**ب- جۆری مشتەی توێژینەوە**:مشتەی ئەم توێژینەوەیەلەجۆری مشتەی(هەڕەمەكی ڕێكخراو و چینایەتی) یەبەشێوەیەكی گشتیلەجەماوەری گشتی سنوری پارێزگای سلێمانی پێكهاتووە، ئەم جەماوەرەش جیاوازە لەڕووی ئاستەكانی تەمەنوخویندەواریوڕەگەزو چین و توێژەكۆمەلاَیەتیەكانەوەو(فۆرمی ڕاپرسی)یان بەسەردا دابەشكراوە.

**2_8: سنووری توێژینەوە:** ئەم سێ بوارەی خوارەوە سنووری ئەم توێژینەوەیە پێكدەهێنن :

أ- **بواری مرۆیی**:بریتییەلەبواری مرۆیی توێژینەوەكەلەمشتەیەك لەجەماوەری سنوری پارێزگای سلێمانی دا خۆی دەبینێتەوە.

ب- **بواری شوێنی**:بواری شوێنی توێژینەوە پارێزگای سلێمانی دەگریتەوە،ئەمەش لەو ڕوانگەوە، كە مشتەی توێژینەوەكە هاوولاَتیانی سنوری پارێزگای سلێمانیە، هاوكات نوسینگەی هەردوو كەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV) یش لە شاری سلێمانی دا بوونیان هەیە.

**ج_بواری كاتی** : بواری كاتی توێژینەوەكە ماوەی ئەنجامدانیلایەنی مەیدانی توێژینەوەكە دەگرێتەوە ،كە لە (2016/7/1) تاكو (2016/8/15 ) ئەنجامدراوە.

**2-9: ڕاستی ڕواڵەتی :**

ڕاستی ڕواڵەتی بە هەنگاوێكی گرنگی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، ئەمەش بۆ زانینی ئاستی زانستی ئەو (فۆرمی ڕاپرسی)یە ،كە توێژەران ئامادەیان كردووە، مەبەست لەمە هەڵسەنگاندن و دەرخستنی ئاستی دروستی و نادروستی برگە كانی فۆڕمەكەو گۆڕینی برگەو پرسیارە لاوازەكانی بە برگەو پرسیاری بەهێزترو زانستی ترە، تاكو بزانرێت ئەو برگانەی لەناوەرۆكی فۆڕمەكەدا ئاماژەیان پێدراوە تا چەند پەیوەندییان بە هێنانەدی ئامانجەكانی توێژینەوەكەوە هەیە،هەروەها دلنیابین لەوەی ،كە ئایا توانستی ئەوەیان هەیە ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن.

لەو ڕوانگەوە و بۆدڵنیابوونی زیاتر لە پرسیارەكانی ناوەرۆكی فۆرمەكە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و ڕیزبەندیەوە، هەروەها بۆ دەرخستنی دروستی و ئاستی (فۆڕمی ڕاپرسی)ەكە توێژەران خستیانە بەردەستی ژمارەیەك لە پسپۆڕان و شارەزایانی[1] پسپۆڕیی

[1]- لیژنەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن ،كە( فۆڕمی ڕاپرسی ) ی ئەم توێژینەوەیان هەڵسەنگاند بریتیبوون لە بەڕێزان :

ڕاگەیاندن، دوای هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە لە لایەن ئەو شارەزاوپسپۆڕانەوە ڕاوتێبینییەکانیان بە بایەخەوەبینراو لەو گۆشەنیگایەوە توێژەران تێبینییە زانستیەکانیان جێبەجێکرد،لەو ڕووەوە گۆرانکاری لەهەندێ برگەدا کراو چەندپرسیارێکی پێویستێش بۆ فۆڕمەکە زیادکران ،تائەو ئاستەی کە توێژەران فۆڕمەکەیان لەڕووی زانستیەوەبەشیاوزانی و هەڵسان فۆڕمەکەیان بەسەر مشتەی توێژینەوەکەدا دابەشکرد.

لەم گۆرانکاریەدا لەکۆی( 14) بەند و( 54 ) برگە، (48 )برگەی گونجاو لەسەر فۆرمەکە جێگیر کرا و بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە ڕێژەی ڕاستی فۆڕمەکە بە( 88.9٪ ) دیاریکرا ، کە ئەم ڕێژەیەش لە ڕووی زانستیەوە بۆ ڕاستی ڕواڵەتی فۆڕمی ڕاپرسی بەرێژەیەکی گونجاوو پەسەند دا دەنرێت ، وەك لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

$$\text{ڕاستی} = \frac{\text{برگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی برگەکان}} * 100$$

$$\text{ڕاستی} = \frac{48}{54} * 100 = 88.9$$

**2– 10: چارەسەرە ئامارییەکان**:بۆچارەسەری ئاماری ئەم توێژینەوەیە توێژەران بەرنامەی ئاماری کۆمپیوتەری (SPSS)ییان بەکارهێنا ،ئەمەش بەمەبەستی دەرکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکان و دەستخستنی زانیاری وردوئەنجامی ئاماری دروست.

**2– 11: جێگیریی**:جێگیریەهەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستیە وە دڵنیابوونە لە چەسپاوی وەڵامی مشتەی توێژینەوەکەلەمیانەی وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاپرسی دا ،لەم ڕوانگەیەوە توێژەران بۆ دەرهێنانی جێگیری ئەم توێژینەوە مەیدانیە پەنایان بۆ (یاسای**سپێرمان**) برد.

پرۆسەی جێبەجێکردنی جێگیریەکەش لەمیانەی دووبارە دابەشکردنەوەی ڕێژەی(٢٠٪ ) ی فۆڕمی ڕاپرسی لە ڕێژەی فۆڕمی دابەشکراوی پێشوو ئەنجامدرا،لەو ڕوانگەوە کەلەجاری پێشوودا (٥٠) فۆڕم دابەشکراوەو پرۆسەی دابەشکردنی دووەمجاریش تەنها (١٠) فۆڕمی لەخۆگرت وبەسەر هەمان مشتە(عەینە) ی توێژینەوەکەدا دووبارە دابەشکرایەوە،ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کۆدی ژمارەیی بۆ ئەو ڕێژەیە لە فۆڕمەکان لەپێشتردا، دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی پرۆسەی دابەشکردنی دووەمجارتوێژەرانبەهۆی بەکارهێنانی (یاسای**سپێرمان**)ەوە بەراوردو پێوانەی جیاوازی نێوان وەڵامەکانی هەردوو جاری دابەشکردنەکەیان کردولە کۆتاییدا ئەنجامی جێگریەکە کردیە(88 ٪)، ئەم ڕێژەیەشبۆ پەسەندکردنی ئەنجامی فۆڕمەکان بەئاستێکی زانستی گونجاو دادەنرێت ،کە بەسەر مشتەی توێژینەوەکەدادابەشکرابوون، بەم هەنگاوانەی خوارەوەش ئەو ڕێژەیە بەدەستهێنرا:

$$\text{یاسای سپێرمان (ر)} = 1 - \frac{6\ (\text{مج ف}^2)}{\text{ن}\ (\text{ن}^2-1)}$$

---

أ– د. فؤاد علی ،پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، کولێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی.ب– د. حەکیم عوسمان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی تەکنیکی میدیا، کولێجی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی .ج– د. کاوە **عبدالرضا** محمد، مامۆستا، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

PP:02-30 ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017 Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

(500) 6

یاسای سپێرمان (ر) = 1- ___________

(1-2500) 10

3000

یاسای سپێرمان (ر) = 1- ___________

24990

یاسای سپێرمان (ر) = 1- 0.12 = 88 ٪

**دووەم: پێناسەیچەمکزاراوەکانوتوێژینەوەکانیپێشوو:**

**1– پێناسەیچەمکزاراوەکان :**

**رۆڵ:**شێوازێکە لەپاڵنەرو ئامانج و بیروباوەڕ وبەهاو بۆچوون و رەفتار کە ئەندامانی کۆمەڵ لەهەرکەسێ چاوەڕێ دەکەن،کە ئەرکێك بگرێتە ئەستۆ،یان پلەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە،هەروەها رۆڵ ئەو رەفتارە رووندەکاتەوە ،کەلەکەسێك چاوەڕێ دەکرێت لەپلەوپایەکی دیاریکراودا.[2]

**تەلەفیزیۆن:** لەڕووی تەکنیکیەوە تەلەفیزیۆن هۆیەکە بۆ پەخشکردن ،یان گواستنەوەی وێنەو دەنگ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو بۆجەماوەرێکی زۆر بەرفراوان،ئەویش لەرێگەی شەپۆلی کەهرۆموگناتیسیەوە بەهۆی ئامێرێکی نێرەری ئەلیکترۆنیەوە.[3]

**کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکان:**بریتیەلە قۆناغی پێشکەوتووی پەخشی تەلەفیزیۆنی ونوێترین وخێراترین سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری و هۆشیاری و کاتبەسەربردن،کە تاڕادەیەك پاش سەرچاوە ئینتەرنێتیەکان دێت،ئەمەش دوای ئەوەی مانگە دەستکردەکان لەبواری ئاشتیدا رۆڵیان بینی ،هەر لەوکاتەوەکەناڵی ئاسمانی لەسەرتاسەری جیهان لە گەشەسەندن دایەوبوّتە ناوەندێکی گرنگی میدیایی بۆگواستنەوەی بیرو سیاسەت و هەواڵ و زانیاری لە نێوان وڵاتانی جیهانداو توانی هەموو جیهان لە شاشەی (تیڤی) یەکدا کۆبکاتەوە وپیشانی بینەرانی بدات.[4]

**هۆشیاری:**هۆشیاری بەرو ئەنجامی ژیانی مرۆڤە، ناسین و زانینە،هەست پێکردن و تێگەیشتنە دەربارەی دەوروبەر، ئەرکی بەرزترین وئاڵۆزترین رێکخراوی کەرەستەییە، کە مێشکی مرۆڤە،کەبەهۆی ژیری و هەستەکانیەوەخۆی و دەروبەرەکەی دەناسێت و تێیان دەگات،بینراو بیستراو هەست پێکراو خەیاڵ لێکراو تۆمارو بەرجەستە دەبن لەمێشکدا و وێنەو شێوەکانیان بەهۆی پەیداکردنی هۆشیاری دەربارەیان دێننەوە بیرمان.[5]

**هۆشیارینەتەوەیی:**بریتی یەلەوهۆشیاری وبەئاگاییوئەوهەستوسۆزەی لە لای کەسێك،یانگروپێکی دیاریکراو دروست دەبێت لە هەمبەرئینتیما دەربڕینی بۆ نەتەوە و گەلێکی دیاریکراو ، لە چوارچێوەی مەرجگەلێکی بابەتیانەی وەکو: رەگەز و بنچینەی

---

[2] موقع منتديات كواليتى ،مفهوم الدور،ضمن الموقع : http:// movies. Yahoo.com،تأريخ الزيارة: 2016/7/18.

[3] كرم شلبى، فن كتابه الراديو و التلفيزيون،دارالشروق، القاهره،ص104.

4 حسن اسماعيل عبيد،الفضائيات وآثارهاعلى الاسرة والمجتمع،في بحوث وأوراق عمل المتلقي العربي بعنوان:أثر الفضايات على الأسرة العربية،شباط 2007،المنظمة العربية للتنمية الادارية،القاهرة،مصر، 2007.ص72.

[5] فۆئاد تاهیر صادق ، هۆشیاری ،مطبعة الارشاد، بەغداد،،1987،ل18.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

هاوبەش ، زمان ، ئاین ، دابونەریت ، شارستانیەت ، مێژوو ، خاکیهاوبەش، یاخود ئەو هەستەیە ، کە دروست دەبێت لەمیانەی ڕێنمایی هاولاتیەوە بەهۆی مەرجگەلێکی تایبەت بیرکردنەوەی خودیەوە، وەك: گۆشەنیگاو تێڕوانینی هاوبەش سەبارەت بەجیهان و یاساکان و دەوڵەت و چەمکەکانی کۆمەڵگاونەتەوە.[6]

**پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)** :پارتێکی نەتەوەیی کوردیە لەباکوری کوردستان لە ساڵی(1978) لەلایەن (عەبدوللائۆیجئالان)وەدامەزرێنراوە، لە سەرەتادا هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکسی بووە و بڕوای بەخەباتی شۆڕشگێڕی چەکداری هەبووە،لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار ئاگربەستی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لەپێناوی ئاشتیدا ڕاگەیاندووە، لەئێستاد هەڵگری ناسنامەی (نەتەوەیی دیموکراتیکە) و کار بۆ پیادەکردنی ئەو سیستەمە دەکات وەك چارەسەرێك بۆ بەدیهێنانی مافەکانی هاولاتیانی کوردلە باکوری کوردستان، ئەمپارتە، لەدامە زراندنیە وەتائێستا (13) کۆنگرەی بەستووە، (عەبدوللا ئۆجەلان) – کەلە (1999/2/15) وەلە زیندانی ئیمراڵی لە تورکیابەندکراوە–ڕێبەرایەتی دەکات.[7]

**کەناڵی ئاسمانی ستێرك تیڤی (STERK.TV)** : کەناڵێکی ئاسمانی سیاسی کۆمەلایەتی کولتوری ڕیکلامی گشتییە ومێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2009) و لەلایەن(p.k.k)ەوە خاوەندارێتی دەکرێت، لە سەرهەردوو مانگی دەستکردی (نایلسات) و(هوتبیرد) پەخشی خوی دەکات نوسینگەی سەرەکی لە ولاتی بەلجیکایە.[8]

**کەناڵی ئاسمانی ڕوناهی تیڤی (RONAHI.TV)** : بریتیە لە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی کوردی ئاسمانی کەلە ( 21 / 11/ 2011 ) دا مەزراوەو خاوەندارێتی بۆ(p.k.k)) دەگەڕێتەوەو ڕۆژئاوای کوردستان و گروپ وکۆمەڵە کوردیەکان بەتایبەت لەئەوروپا هاوکاری مادی ئەکەن و ئەم کەناڵە چوار بارەگای سەرەکیهەیە، لە شارۆچکەی (دەرندەرلییو) ی نزیك لە(برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا)و(شارەکانی قامشلۆ) و(کۆبانێ و عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان)، هاوکات بارەگایەکی لاوەکیشی لە(شاری سلێمانی) باشوری کوردستان هەیە.[9]

## 2– توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای گەڕان و بەداواداچوونی زۆری توێژەران بۆسوراغکردنی توێژینەوەکانی پیشوو لەم بوارەدا، تەنها توێژینەوەی (پارتی کرێکارانی کوردستان(p.k.k)لەپەیوەندییە هەرێمیەکانی تورکیادا(1980–1999)دەستخرا، کەنامەیەکی دکتۆرایە،پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە)لەلایەن توێژەر ( سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵا) وە ئەنجامدراوە، توێژەران بەپێویستی دەزانن پەیوەندیيو بەراوردکردنی هەردوو توێژینەوەکە لەم ڕووانەی خوارەوەدا بخەنەڕوو:

أ–پەیوەندی ناونیشانی هەردوو توێژینەوەکە بەیەکتریەوەئەوەیە،کە بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکەی ناوبراو توێژینەوەیەکی (مێژووی/سیاسییە)،بەلام ئەم توێژینەوەی توێژەران بریتیە لە توێژینەوەیەکی (مێژوویی/میدیایی).

ب– ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەی ئاماژەپێدراو باس لە هۆکاری پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات لە پەیوەندیە هەرێمیەکانی نێوان ولاتانی سوریاو عێراق و ئێران و تورکیا لەنێوان سالانی (1980) تاوەکو گیرانی ڕێبەری (p.k.k) لە ساڵی (1999)،بەلام

---

[6] زهديالداوودي،نشوءالوعيالقوميوتطورهعندالكورد،ضمن الموقع :
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=281211،تأريخ الزيارة:2016/7/22.

[7] کاروان ئیبراهیم ،ڕۆژنامەنوسی نزیك لە پەکەکە،چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپیکەوتن :2016/7/24 ، سلێمانی.

[8] نەجیبە قەرەداغی، ڕۆژنامەوان لە کەناڵی ئاسمانی (ستێرك تیڤی) ، چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپیکەوتن : 2016/7/22، سلێمانی.

[9] هەندرین فەرەج هەورامی، ڕۆژنامەوان لە کەناڵی ئاسمانی (روناهی تیڤی) ، چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێکەوتن: 2016/7/25 ، سلێمانی.

ئەم توێژینەوەی توێژەران باس لە ڕۆڵی كەناڵەئاسمانیەكانی (p.k.k)لە بلاوكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدادەكات ،بۆ ئەمەش دوو مشتە وەرگیراوە ،مشتەیەكی جەماوەری كەحەماوەری گشتی سنوری پارێزگای سلێمانیە هاوكات مشتەیەكی میدیایی كەهەردوو كەناڵی ئاسمانی ( STERK.TVوRONAHI.TV)یە .

ج- لە ڕووی میتودیەوەتوێژینەوەكەی توێژەر(سەلام عبدالكریم) توێژینەوەیەكەبەمیتۆدی مێژوویی ئەنجامدراوە لەكاتێكدا ئەم توێژینەوەی توێژەران جگە لە میتۆدی مێژووی لەژێر سایەی میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕووپێوی لەمیتۆدەدا ئەنجامدراوە.

د- پەیوەندیی ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیەی توێژەران بەئامانجەكانی توێژینەوەی ناوبراوی سەرەوە بریتیە لەوەی ،كە هەردوو توێژینەوەكە دەرخستنی ڕۆڵی پارتی كرێكارانی كوردستانە لەدوو لایەنی جیاوازەوە.لەو ڕوانگەوەیەكێك لەئامانجەكانی توێژینەوەی توێژەران خۆی دەبینێتەوە لە زانینی ڕۆڵی كەناڵە ئاسمانیەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان(STERK.TV) و (RONAHI.TV) لەبلاوكردنەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەییو بەشداریی لە پەروەردەكردنی هاوولاتیەكی هۆشیار بەرانبەر بەپرسی نەتەوەكەی تایبەت بەسەرجەم پارچە دابەشكراوەكانی كوردستان، لە كاتێكدا ئامانجی توێژینەوەی ناوبراو بەشێوەیەكی گشتی بریتیە لە دەرخستنی ڕۆڵی پارتی كرێكارانی كوردستانلەپەیوەندییە هەرێمیەكانی توركیادا(1980-1999)، بەمەش دوای تێڕامانی توێژەران دەركەوت ،كە ئامانجەكان لێك جیاوازن.

هـ- پەیوەندی ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەی ناوبراوی سەرەوە،ئەوەیە كەبە گوێرەی جیاوازی ئامانجەكان ئەنجامەكانیش لە نیوان هەردوو توێژینەوەكەدا جیاوازن، ئەو ئەنجامگیریەی توێژینەوەی پێشوو پێیگەیشتووە، بریتیە لە(11)خاڵ و (2) لەو ئەنجامانە بریتین لە:

1- هەر لەسەرەتاوە پەكەكە وەك ڕێكخراوێكی چەپی شۆڕشگێڕیی دەركەتووە،لەژێر كاریی ئەو هزرە چەپە سیاسییە شۆڕشگێڕیە ماركسیزم_ لینینیزمەی كەپێڕەوی لێكردووە، هەروەك بڕوای بە پێڕەوكردنی توندوتیژی چەكدارانە لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەكانی ڕژێمی فەرمانڕەوای توركیا لەدوای كودەتای( 12ی ئەیلولی 1980) هەبووە و لەژێر كاریگەریی جولانەوەی چەپڕەوی جیهانیدابووە، كەلەو قۆناغەدا هێندێكیان لەڕێگەی خەباتی چەكداریەوە گەیشتبوونە ئامانجەكانیان و هەندێكیشیان بەردەوام بوون.

2- قەیرانی توندوتیژیی و جەنگی گەریلایی پەكەكە لەماوەی دوو دەیە،یەكێك لەدرێژترین جەنگەكانی گەریلایی مێژووەو كاریگەری توندی لەسەر توانای دەوڵەت و لاوازیی و ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی توركیا هەبوو، لەگەڵ بیركردنەوە لەتەنیا ڕێگەی چارەسەری ئاشتی بۆ مەسەلەكە.

**سێیەم : لایەنی تیۆری توێژینەوە:گرنگی پێدانی كەناڵەئاسمانیە كانی پارتی كرێكارانی كوردستان بەبونیادنانی هۆشیاری نەتەوەیی:1-1: پارتی كرێكارانی كوردستان (P.K.K ): سەرهەڵدان و گەشەكردنی:**

لەكۆتایی ساڵی (1977) دا ئۆیج ئالان* لەشاری (عینتاب) یەكەم ڕەشنوسی پرۆگرامی دامەزراندنی (پارتی كرێكارانی كوردستان) ی نوسی[10]، ئەم پارتە لە(27یتشرینی دووەمی1978) دا یەكەمین كۆنگرەی دامەزراندنی خۆی لەگوندی (فیس)ی سەربەشاری

*عەبدوڵلا ئۆیج ئالان لەساڵی( )1948 لەگوندی (ئۆمەرلی) سەربەناوچەی (شانلی-ئۆرفە)، لەخێزانێكی جوتیار لەدایك بووە، ماوەیەك لە (ئەدەنە) لەكێڵگەیەكی تووتن دا كاری كردووە، لەساڵی( 1966) دا بۆیەكەمجار سەردانی (ئەنقەرە) ی كردووە،تاوەكو تاقیكردنەوە بۆ وەرگرتنی لەزانكۆ پێشكەش بكات، ئۆجەلان لەسەرەتادا كەسێكی نوێژكەر بووە،زۆرجار ئامادەی ئەو كۆبوونەوانە دەبوو ،كە لەمزگەوتی (مالتەپە) دەكران،لەگەڵ ئەو كۆبوونەوانەی بۆ دژایەتیكردنی شیوعیەت دەبەستران،لەتەمەنی هەژدەساڵیدا لەخوێندنگەیەكی پیشەیی خوێندنی تەواوكردووە،دواتر لەخزمەتگوزاری مەدەنی كاریكردووە بۆماوەی ساڵێك لەزانكۆی ئەنقەرە خوێندكاری كۆلیژی زانستە سیاسییەكان بووە ، لەساڵی(1970 ) یشدا بەهۆی بەشداریكردنی

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

(دیاریەکر)بەئامادەبوونی (22)کادیر بەست،لەئاکامی کۆنگرەکەدا (7)کەس بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتەکە هەڵبژێژێردران ، کە بریتی بوون لە:(ئۆجئالان ، شاهین دۆنمەز ، جەمیل بایك ، محەمەد قەرەسنگور ، محەمەد خەیری دورموش ، مەزلۆم دۆغان ، کەسیرە یەڵدرم ) ، ئەم کۆنگرەیە چوار ڕۆژی خایاند وتیایدا (عەبدوڵلاّ ئۆج ئالان) بەسەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرا .[11]

هەرلەمیانەی کۆنگرەکەشدالەلایەن(مەزلۆمدۆغان) و ( فەرهاد کورتای) پێشنیازی ناوی (پارتی کرێکارانی کوردستان–پ.ك.ك)پەسەندکراو ئارمی (چەکوش و داس) یانوەك ئارمی پارتە کە چەسپاند ، ئەمپارتە پارتێکی مارکسی لینیی بووە و ئامانجی کاتیی ڕزگارکردنی باکوری کوردستان و ئامانجی ستراتیژیشی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە.[12] دوای کۆنگرە(p.k.k)چەند نوسینگەیەکی دروستکرد،وەك:(نوسینگەی ڕێکخستن)،کە (جەمیل بایك) و (شاهین دۆنمەز) وکەسێکی تربەناوی (سلێمان)بەرێوەییان دەبرد وئەرکی ئەم نوسینگەیەش ڕێکخستنی(پەکەکە)و چاودێریکردنی ئەندامانی بوو،هەروەها نوسینگەی ئایدۆلۆژیدروستکرا، کە (مەزلۆم دۆغان) و(کەسیرە یەڵدرم–فاتمەی خێزانی ئۆج ئالان )و (دوران کاڵکان – عەباس) ی لەخۆدەگرت، هاوکات بەپرسی نوسینگەی سەربازیش (محەمەد قەرەسنگور) بوو،کە ئەرکیشی ڕێکخستنی بواری شەڕکردن بوو.[13]

(p.k.k)تاوەکو کودەتای(12ی ئەیلولی 1980)توانی ژمارەیەك لە کرێکاران و جوتیاران وهەندێك کەس و گروپ لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بیروباوەڕە چەپەکانی لەنێو ئەو توێژانەدا بلأوبکاتەوە[14] و دوای کودەتاکەش ژمارەیەکی زۆر سەرکردەو ئەندامی پەکەکە گیران، لەوانە (محەمەد خەیری دورموش ، کەمال پیر،مەزلۆم دۆغان)ی تێدابوو.[15]بەڵام لەئەنجامی فشارو هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی (p.k.k)و بەهۆی بوونی ڕێکخراوە فەلەستینیەکان لە (سوریاو لوبنان) داعەبدوڵلاّ ئۆج ئالان بڕیاری چوونە دەرەوەی دا بۆ سوریاو لەمایسی( 1979) چووە سوریا.[16]

---

لەخۆپیشاندانێکی خوێندکاریدا حەوت مانگ زیندانی کراوەو دواتر بیروباوەڕی چەپی هەڵگرتووەو زور سەرسام بووە بەهەردووە سەرکردەی چەپڕەوی ڕادیکاڵی حەفتاکان (دەنیزگەزمیش وماهیر چایان).

لەساڵی (1973) دا توانی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی دیموکراتی خوێندنی باڵای ئەنقەرە (adyod) بکات و ئەندامی کارای (ddkd) بووە. بوزانیاری زیاتر بروانە: سامی شۆڕش، تورکیاو ئەوروپا کورد لەو بازنەیەدا،چاپخانەی خانی،هەولێر،2005،ل157– 158.

[10].عەبدوڵلاّ ئۆج ئالان، بەرگریکردن لەگەلێك ، و:لوقمان عەبدوڵلاّ، چاپخانەی ڕەنج،لەبلأوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.ج.د.ك)،ب.ش،ب.س،ل369.

[11]هاوکار محێدین جەلیل: دۆزی کوردلەتورکیا لەساڵانی( 1980–1999) لەبلأوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ،هەولێر،2012،ل668.

[12].ماجدخەلیل :ڕێکخستنەسیاسیەکانیباکوریکوردستان 1960–1980، چاپخانەیحاجیهاشم،هەولێر،2012،ل ل277–286.

[13]هەڤاڵ جومعە، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان،لەبلأوکراوەکانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی،ب.ش.ب.س،ل277.

[14].رعد عبدالجلیل مصطفی الخلیل: صراع الاستیعاب و الانفصال ، دراسة تجربة (الحزب العمال الکردستاني) في ترکیا،الوحدة الوطنیة ومشکلة الاقلیات في العالم الثالث،مرکز دراسات العالم الثالث،کلیة العلوم السیاسیة،جامعة بغداد،مطبعة التعلیم العالي في الموصل،1989،ص115.

[15]هاوکار محێدین جەلیل ، سەرچاوەی پێشوو،ل104.

[16].میخائیل م.جونتر، الاکراد ومستقبل ترکیا، ت.: سعاد محمود ابراهیم خضر،مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة،السلیمانیة،2007،ص41.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

دوای جێگیربوونی ئەندامانیشیان لەسوریاو لوبنان لە( 15ی تەمموزی 1981)(p.k.k)كۆنفرانسی‌یەكەمی لە (لوبنان) بەست و تیایدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ كوردستان و ئامادەكاری بۆخەباتی چەكداری درا،[17](p.k.k) لە (20ی ئابی 1982) دا دووەمین كۆنگرەی خۆی (لەسوریا)بەست و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ كوردستان دووپاتكردەوەو بڕیاردرا لەپێناو بەدەستهێنانی مافەكانی كورد لەتوركیادا دەست بەشەڕی پارتیزانی بكەن،ئەم بڕیارەش دوای مەشقكردنی ئەندامانیان لە دۆڵی (بیقاع)ی لوبناندرا ، هاوكات ستراتیژێكی( سێ ) قۆناغییان بۆ خەباتی پارتەكەیان داڕشت كە بریتی بوون لە (بەرگری، هاوسەنگی هێز،هێرشكردن).[18]

دواتریش لەساڵی (1983) سەدان شەڕكەریان لەناوچەی بۆتان(جەزیرە) كۆكردەوە[19]، لەسەرەتای هاوینی (1984) دا (هێزی ڕزگاری كوردستانHRK )ی دروستكرد،كەلەباشوری كوردستانەوە هێرشیان كردە سەر مەفرەزەكانی پۆلیس و سوپا،لە(15ی ئابی 1984) هێرشیانكردە سەرشارەكانی (شرناخ و ئەرۆخ و شیروان) لەویلایەتی (سێرت)و شارۆچكەی (شەمدینان) لەویلایەتی هەكاری، ئەم چالاكیەش بە(تەقە بكەو ڕابكە)ناونرا ،هەروەها بلاَوكراوەیەكیشیان بلاَوكردەوە،كە ناونیشانی (ئێمەیان پێ لەناونەچوو)ی لە خۆ گرتبوو.[20]

لەنەورۆزی (1985) دوای فراوانبوونی هێرشەكانیان بەرەیەكیان پێكەوەنا بەناوی (بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی كوردستان–ENIYA RIZGARIYA NETWAYI KURDISTAN)كورتكراوەكەی (ERNK)بوو، ئامانجی ئەم بەرەیە ڕزگاری و هێنانەدی سەربەخۆیی كوردستان بوو، هەروەها چارەسەركردنی دۆزی كوردیان بەیەكێك لە ئەركەگرنگەكانیان داناوە،[21]هەروەها لەپێناو بەهێزكردنی چالاكییە چەكدارییەكانیان لە(25ی تشرینی یەكەمی 1986) پارتی كرێكارانی كوردستانلكۆنگرەی سێیەمیلە ئەكادیمیای (مەعسوم قۆرقماز)لەدۆڵی بیقاعی لوبنان بەست،یەكێك لە ئەركەكانی كۆنگرە ئەوەبووچەكدارەكانی پارتی كرێكاران كوردستان ،كە بەهێزی ڕزگاری ناودەبران بكرێت بەسوپایەكی پارتیزانی و بۆ ئەو مەبەستەش ناوەكەی گۆڕاو كردیان بە (ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستانARGK).[22]

لە( 15ی نیسانی 1988) دا پارتی كرێكارانی كوردستان،كۆنفرانسێكی لە لازقیەی سوریا ڕێكخست،كە دوو هەفتەی خایاندو( 300) كورد تیایدا بەشداربوون،بریتیبوون لە نوێنەری پارتە كوردییەكانی (كۆك،كاوە،ڕزگاری،یەكێتی نیشتمانی كوردستان،پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی كۆمەڵە)، ئەندامانی كۆنفرانسەكە پێیان وابوو دەتواننبەڕێوەبردنێكی دیموكراتی شۆڕشگێڕ لەنێوان گەلی كوردو توركدا پێكبهێنن،هەروەها لەپێناو چارەسەركردنی دۆزی كورد باسیان لەدروستكردنی ڕێكخراوێك بەناوی (كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان)ودانانی بنچینە ویاساكانی كۆنگرەكە كرد.[23]

پارتی كرێكارانی كوردستان لە(3–13ی ئازاری 1990) دا كۆنفرانسی دووەمی لە(دۆڵی بیقاع) بەست و لەبڕیارەكانی ئەو كۆنفرانسە بریتیبوون لە:دیاریكردنی ناوچەی بۆتان بەبارەگای ناوەندی سەركردایەتی جەنگ،بەجۆرێك ،كەدەبوایە جەنگ لەوێوە

[17] .حەسەن جودی ، مێژوویێك لـەئاگر،نهێنی خـۆڕاگری بزووتنـەوەی ئاپۆچـی،دیمانەیەك لەگـەڵ(جـەمیل بایـك)دا،لـەبلاَوكراوەكانی (پ.چ.د.ك)،ب.س، ل713.

[18] . میخائیـل م.جـونتر، مصـدر سـابق،ص74–75 ، بیـار مصـطفی سـیف الـدین:كێشـەی كـورد لەپەیوەندییـەكانی ئەمریكا_تركیا،وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: سەمەد ئەحمەد،چاپی یەكەم، هەولێر،2009، ل180.

[19]خلیـل علـی مرادوآخـرون، القضـیة الكردیـةفي تركیـا وتأثیرهـا علـی دول الجـوار ،مركـز الدراسـات التركیة،جامعـة الموصل،1989،ص120.

[20]ابراهیم الداقوقي: اكراد تركیا،دار المدی للثقافة والنشر،سوریة–دمشق،2003،ص297" بیار مصطفی سیف الدین:تركیاوكوردستان العراق"الجارین الحائرین"،مطبعة خاني،اربیل،2008،ص147–148.

[21]رعد عبدالجلیل،المصدر السابق،ص116.

[22]حەسەن جودی، سەرچاوی پێشوو،ل715.

[23]هاوكار محی الدین جلیل، سەرچاوی پێشوو ،ل116.

PP:02-30                ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017                Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

بلأوبێتەوەو ناكۆكی لەگەڵ حكومەتی توركیا یەكلابكاتەوە،هەروەها وێڕای پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ بزووتنەوە ئاینییەكانبڕیاری كاركردنی لەگەڵ پارتەسەوزەكان و ڕێخراوەكانی ژنان دا، هاوكات بڕیاریدا تەنها لە ئامانجە سەربازیەكان نەدات،بەڵكو لە دامودەزگا ئابوریەكانی دەوڵەتیش بدات، ئەم پارتە كۆنگرەی چوارەمیشی لەسوریا لە(25–31) كانونی یەكەمی هەمان ساڵدا بەست و لەم كۆنگرەیەدا بڕیاریدا هێرشەكان بۆ سەر خەڵكانی مەدەنی ڕابگرن و زیاتر هێرش بكەنە سەر پاسەوانی گوندەكان و خێزانەكانیان و كردەوە چەكدارییەكانیان بۆسەر ئامانجە سەربازییەكان بەزۆریش بۆسەر هێزە تایبەتیەكان زیاد بكەن،هەروەها بڕیاریاندا هەوڵ بۆ چەسپاندنی ئاسایشی گوندە كوردییەكان بدەن.[24]

پارتی كرێكارانی كوردستان لەسەرەتای نەوەدەكاندا زۆر گەشەی كردو لەهەڵبژاردنەكانی تشرینی یەكەمی (1991) دالەتوركیا (22 ) ئەندام لە ئەندامانی پارتی خەڵكی زەحمەتكێش (HEP ) كەبەلایەنگیری پارتی كرێكارانی كوردستان دەناسرێن،دەنگیان هێناو چوونە پەرلەمانی توركیاوە.[25]

پارتی كرێكارانی كوردستان لەڕۆژانی (7–28ی كانونی دووەمی1995) دا  پێنجەمین كۆنگرەی خۆی بەست ،كە  (317) ئەندام بەشداریان تێداكردو لەم كۆنگرەیەدا هەوڵیاندا گۆڕانكاری لەپەیڕەو پرۆگرام و تاكتیكی خۆیاندا ئەنجام بدەن،لەوبڕیارە گرنگانەخۆگونجاندن بوو لەگەڵ باری تازەی جیهان و وازهێنان بوولەهێما تەقلیدیەكانی جەنگی سارد،لەم پێناوەشدا بڕیاری گۆڕینی ئالأی پارتی كرێكارانی كوردستان درا بەلادانی (چەكوش وداس) وگۆڕینیبۆ مەشخەڵ،هەروەها لەكۆنگرەدا دەنگ لەسەر ڕەتكردنەوەی سۆسیالیزم بەپێی تێڕوانینی سۆڤیەت درا وجەختیان لەسەر گرنگیدان بەچالاكی سیاسی و دبلۆماسی كردەوەو خەباتی چەكداریشیان بۆ هۆكارێك بۆگەیشتن بەئامانج دانا.[26]

بەم شێوەیە پارتی كرێكارنی كوردستان لەخەباتی سیاسی و چەكداری خۆی بەردەوامبوو تاوەكو گیرانی (عەبدوڵلآ ئۆیج ئالان)لە (14/شوباتی/1999) پێینایە قۆناغێكی نوێوە، كە تاوەكو ئێستا لەخەبات بەردەوامە،پارتی كرێكاران لەژیانی سیاسی خۆیدا(11) كۆنگرەی بەستوەولە ساڵی( 2005) یشەوە بەستنی كۆنگرە كەبە(4ساڵ ) جارێك بوو بوبە( 2 ساڵ) جارێك و دوا كۆنگرەی ئەو پارتەش لە(2013) دا بوو.[27]

### 1– 2 : بایەخ پێدانی(پارتی كرێكارانی كوردستان) بەدەزگاكانی ڕاگەیاندن:

پارتی كرێكارانی كوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە گرنگیەكی زۆری بەبواری ڕاگەیاندن داوەو وەك بەشێكی تەواوكاری لەخەباتی چەكداری و گەیاندنی دۆزی كورد بە دونیای دەرەوەو بەمەبەستی  بەرپەرچدانەوەی ئەو هەوڵانەی،كە توركەكان بۆ پەردەپۆشكردنی كێشەی كورد لەتوركیادەیاندا،پەنایان بۆ دەزگاكانی میدیا بردووە، هەر لەو ڕوانگەوە لەساڵآنی( 1977–1978 ) (مانیفیستۆ) ی دەركرد بۆ ڕوونكردنەوەی خەباتی پارتەكەو دەرخستنی زوڵم و زۆری دەسەڵآتدارانی تورك،هەروەها ڕۆژنامەی (هاوار) لەزیندان و پاشانیش بلأوكراوەی (بەرخۆدان) یان لەنێوان ساڵآنی      ( 1980–1982) دەركرد.[28]

جگە لەناوخۆ ئەم پارتە لەدەرەوەش (ئەوروپا) ڕۆژنامەیەكی فەرمی هەبوو بەناوی (سەرخۆبوون) و لەڕووی سیاسیەوە پارتی كرێكارانی كوردستان لەساڵی(1987) كۆمەڵێك ڕێكخراوی دروستكرد ،كەلە( بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی كوردستان)ئەندام بوون،وەكو یەكێتی كرێكارانی ولأتپارێزی كوردستان(YKWK) ، یەكێتی ڕۆشنبیرانی ولأتپارێزی كوردستان(YRWK)، یەكێتی گەنجانی كوردستان (YXK)، یەكێتی ژنانی ولأتپارێزی كوردستان(YJWK)، هەروەها لەساڵی(1989)دا ئەم بەرەیە گۆڤارێكی

---

[24] میخائییل م.جونتر، المصدر السابق،ص77.
[25] هاوكار محی الدین جلیل، سەرچاوەی پێشوو،ل194.
[26] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو،ل462.
[27] سەردار ستار،چالاكوانی سیاسی، چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێكەوتن : 18 /2016/7،سلێمانی.
[28] سەردار ستار،چالاكوانی سیاسی، چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێكەوتن : 18 /2016/7،سلێمانی.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

بەناوی (بەرخۆدانBERXWEDAN)لە (دۆسلدرۆف) دەرکرد ،هەروەها لەشاری کۆڵنی ئەڵمانیش گۆڤارێکی بەناوی (سەرخوەبوونSERXWEBUN)دەرکرد.[29]

لە درێژەی دامەزراندنی دەزگا میدیایەکانیشدا ئەم پارتە لەساڵانی نەوەدەکاندا یەکەمین ڕادیۆی سەتەلایتی بەناوی(میزۆپۆتامیا)لەرووسیا دامەزراند،هەروەها ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (ئۆزگورپۆلۆتیکا) ی دەرکرد ،لەباشوری کوردستانیش لەساڵانی( 1993–1999) دا ڕۆژنامەی هەفتانەی (وڵات)ی بڵاودەکردەوە.[30]

لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە ناسراوانەیی(p.k.k) لەوقۆناغەدادەریدەکرد،گرنگترینیان ئەمانەبوون:گۆڤاری(بانگا سەرخۆبوون_بانگی سەربەخۆبوون)کەلەقەزای کوردنشینی(دێرك)لەسوریادا بەزمانی کوردی وعەرەبی دەریدەکرد،گۆڤاری(دەنگی کوردستان)لەدیمەشق بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکردویەکێك بوو لە بڵاوکراوە گرنگەکانی پارتی کرێکاران ،کەبەشێوەیەکی بەرفراوان لەباکوری کوردستان ڕەواجی پەیداکردبوو .[31]

هەروەها گۆڤاری(ڕەوشەن)لەئەوروپا بەزمانی کوردی دەرچوو،دواتریشگۆڤاری(تۆڵەی ئاگرین)کە ئەم گۆڤارە تایبەت بوو بەبواری سەربازی _ زمانحاڵی بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو _ دەرکرا ، هەروەها گۆڤاری (چاندە گەل_ ڕۆشنبیری گەل)،لەگەڵ گۆڤاری (بەرخۆدان)لەئەڵمانیاوگۆڤاری (بانگی بەرخۆدان)وگۆڤاری(توریڤان–پرشنگ)،یش دەرکران[32] جگەلەمەش (p.k.k) ،لەوڵاتانی ئەوروپا لەپشتی دروستکردنی چەندین ڕێکخراوەوە بوو ،وەکو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەری و یەکێتیەکانی مامۆستایان وژنان ولاوان و..هتد.

هەر لە درێژەی دامەزراندنی ڕێکخراوی نوێدائەم پارتە (ئینستیتوتی کوردی بۆ لێکۆڵینەوەوزانست) ی لەساڵی (1994) بۆلێکۆڵینەوەودۆزینەوەی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەکورد دامەزراند، هاوکات(ڕێکخراوی مانگی سوری کوردستان) ی بۆ یارمەتیدانی کەسانی بریندار لەشەڕەکاندا دروستکرد کە بنکەکەی لەشاری (بۆن)ی ئەڵمانیا بوو،هەروەها لەزۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەوروپا بنکەی هەبوو.[33] هاوکات ئەم پارتە وێڕای سود وەرگرتن لە پەیوەندی تەلەفۆنی (مۆبایل)و فاکس و نامەی ئەلیکترۆنی و سایتی ئینتەرنێتی،هەنگاوێکی بەکردنەوەی یەکەم کەناڵی تەلەفیزیۆنیئاسمانی کوردی لە ئەوروپاگرنگی نا،بەناوی(MED-TV) کەلە (1995/5/15) لەوڵاتی بەلجیکا دەستی بەپەخشی فەرمی کرد.[(34)]

ئەم کەناڵە ئاسمانیە،کە لەمێژووی کورددا بەیەکەمین کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی دادەنرێت ،کە لە لایەن پارت و ڕوژنامەوانانی کوردەوە ئاڕاستە کرابێت،ئەم کەناڵە ئاسمانیە بەردەوام لەلایەن نەیارانیپارتی کرێکارانی کوردستانەوە گرفتی بۆ دروستدەکرا، بەوهۆیەوە لەوڵاتی (بەلجیکا) داخراو دووبارە لە (پاریس)ی پایتەختی (فەرەنسا) کرایەوە، دوای ئەم جارەش لەداخستنی بە ناوی کەناڵی (میزۆپۆتامیا) کرایەوە.35

[29] هنری بارکی واخرون، القضیة الکردیة في ترکیا،ت: هفال ،مؤسسة موکریاني للبحوث والنشر، اربیل،2007،ص116–117.
[30] سەردار ستار،چالاکوانی سیاسی، چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێکەوتن : 18 /2016/7،سلێمانی.
[31] د.سعد ناجي جواد، پرسی نەتەوایەتی کورد،وەرگێڕانی:بەرزانی مەلاتەها، چاپخانەی سایە،2009،ل33–34.
[32] پارتی کرێکارانی کوردستان وڕۆڵی لەبزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردستاندا ،لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات وتوێژینەوە،1996،دیراسەی ژمارە(10)،ل37.
[33] هنری بارکی وآخرون، القضیة الکردیة في ترکیا ،ل206–207.
[34] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو،ل718.
35– بەهادین ئەحمەد،سەرەتایەکبۆمێژووی ڕاگەیاندنی کوردی،خانەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا،سلێمانی، 2010،ل 81–82.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

ئەم کەناڵە ئاسمانیە ڕۆژانە بەرنامەکانی (18)کاتژمێر بەشێوەزارەکانی کوردی و بەزمانەکانی تورکی و عەرەبی ،پێشکەش دەکردوژمارەیەکی زۆری کوردی پارچەکانی کوردستان و هەندەرانی لەخۆی کۆکردەوە.[36]

زۆربەی بەرنامەکانی ئەم کەناڵەش بریتی بوون لە:هەواڵ،بەرنامەی سیاسی ،مۆسیقا،پەروەردەی منداڵ،دراما،بەرنامەی بەڵگەنامەیی،لێکدانەوەی ڕووداو و دۆزەسیاسەکان و تاوتوێکردنیان ،کەلەمیانەیدا داواکاریەکانی گەلی کورد لەپێناوبەدەستهێنانیمافی چارەنووسگفتوگۆی لەبارەوە دەکرا.[37]، لەبەرئەوە حکومەتی تورکیا بەردەوام هەوڵیدەداڕێگری لە پەخشی ئەم کەناڵە بکات،[38] جگەلەو هەنگاوانەی سەرەوە پارتی کرێکارانی کوردستان لەباشوری کوردستان وێڕای کردنەوەی لقی باشوری (مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا)و دەرکردنی هەفتەنامەیەك بەناوی(ڕۆژی وڵات) لەساڵی (1993) دا لەساڵی (1995)دا بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بۆباشوری کوردستاندا.[39]

### 3–1 :هۆشیاری نەتەوەیی لەدیدی( پارتی کرێکارانی کوردستان) دا:

هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە پارتی کرێکارانی کوردستان بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ تواندنەوەی کورد دروستبوو،لەو پێناوەدا هەوڵیدا لەڕووی مێژووی و سیاسیەوجەماوەری کورد هۆشیار بکاتەوە [40]،هەروەك ڕۆژنامەنوسی ناوداری فەڕەنسی(دیڤید ماکداول) ئاماژەی بۆ دەکات"بۆ ئەم مەبەستەش لەوقۆناغەدا ئایدولۆژی پارتی کرێکرانی کوردستان بریتی بوو لە تێکەڵکردنی خەباتی چینایەتی وناسیۆنالیزم،ناوی ئۆرگانی ئەوان،بڵاوکراوەی ناوەندیان( سەربەخۆبوون) کە(مەزڵوم دۆغان) سەرنوسەری بوو بەڕۆشنی ئامانجی پەکەکەی ئاشکرا کردبوو".[41]

پارتی کرێکارانی کوردستان مێژووی کوردی کرد بەسێ قۆناغەوە کەهەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە،قۆناغی یەکەم لەهەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەست پێدەکات تادەگاتە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی،قۆناغی دووەم لەساڵی (1945)ەوە دەست پێدەکاتتاساڵی( 1970)، قۆناغی سێیەمیش ،کە بە( قۆناغی نوێ) ناودەبرێتو بەبیری ئەوان لەقۆناغی نوێدا سێ تەوژمی سەرەکی دیاریکرد، کە ئەوانیش بریتیبووون لە (فیوداڵیەت و بۆرژوای کوردی و ئاڕاستەی نیشتمانی پرۆلیتاری).

شایانی باسە ئەم پارتە تێروانینی جیاوازی هەبوو لەمەڕ هەرسێ ئاڕاستەکە،پێیوابوو ئاڕاستەی یەکەم لەگەڵ هاتنە پێشی نەوەدەکاندا پاشەکشەی کردو لاواز بوو،ئاڕاستەی دووەمیش بووە پاشکۆی دەوڵەتی تورکیا،هەر بۆیە زیاتر جەختیان لە ئاڕاستەی سێیەم دەکردەوە کە ئاڕاستەیەکی پرۆلیتاری هەبوو،پێیان وابوو جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی هاوچەرخ بەپشت بەستن بەڕێبازی مارکسیزم ــ لینینیزم وەك ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت بەخۆی دێتەدی.[42]

هاوکات ئەم پارتە جەختی لەسەر ڕزگاری و سەربەخۆبوون لە دەوڵەتی تورکیا دەکردەوە،هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین بڵاوکراوەو نامیلەکەی دەرکرد،کە دیارترینیان ڕۆژنامەی(سەربەخۆبوون)بوو،دەستپێکی ژیانی ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژنامەیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی کرێکاراندااوکاتبوو، لێرەوە دەردەکەوێت ،کە پارتی کرێکارانی کوردستان لەڕێگەی سیاسی و ڕاگەیاندن و خەباتی چەکداریەوە هەوڵی ڕزگاری وسەربەخۆی بۆ کوردستان دەدا،بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیدەدا هۆشیاری نەتەوەیی لەڕێگەی یەکێتی

36Daily News | 9/14/2009History of PKK in Turkey www.
37David Romanos: The Kurdish nationalist movement, opportunity ,mobilization and Identity, Cambridge university press,2006,p.155.
38دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد،و: ئەبوبەکر خۆشناو،چ2،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،2005، ل736.
39هاوکار محی الدین جلیل، سەرچاوەی پێشوو،ل211–212.
40المبادئ الاساسیە لحزب عمال کردستان، اللجنە المرکزیە لحزب العمال الکردستانی.
41بزتنەوەی نەتەوەی کورد وهیوای سەربەخۆیی،وەرگێڕانی لەفارسیەوە: ئەکرەمی میهرداد،بەرگی دووەم،سلێمانی 2003،ل150.
42سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا،پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) لەپەیوەندییە هەرێمیەکانی تورکیادا(1980–1999)،نامەیەکی دکتۆرایە (بڵاوکراوەیە) ،پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،2014،ل24.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

نەتەوەیی وبلاَوکردنەوەی دیموکراتی یەوەپەرەپێیدات ولەرێگەی راگەیاندنەکانیەوە کاری لەسەر سێ پرسی سەرەکی کۆمەڵ دەکرد ئەوانیش:پرسی کۆمەڵ و پرسی ئازادیەکان و پرسی یەکسانی .لەئێستاشدا سیستەمی (کۆنفیدرالیزمی دیموکرات –نەتەوەی دیموکراتیك ) وەك چارەسەر بۆ پرسی کورد لەنێو پەیرەوپرۆگرامی خۆیدا چەسپاندووەو لەبەدیلی خەباتکردن بۆدەوڵەتی نەتەوەیی دا خەباتی بۆدەکات[43]،واتە لەرووی هۆشیاری نەتەوەییەوە کار لەسەر بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگاو جەخت کردنەوە لەسەر یەکسانی و هۆشیارکردنەوەی تاك بەمافە نەتەوەییەکانی لەنێو چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دەکاتەوە نەك دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.

**چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە:**

**1– پوختەیەك دەربارەی کەناڵە ئاسمانیەکانی (STERK.TV ) و(RONAHI.TV) ی مشتە(عەینە)ی توێژینەوە:**

**1– 1: کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV ) :**

بریتیە لە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی کوردی ،کە لەلایەن ( پارتی کرێکارانی کوردستان)–p.k.k - ەوە ساڵی (2009)دامەزراوەو ناسنامەی کەناڵەکە کەناڵێکی ئاسمانی سیاسی کۆمەڵایەتی کولتوری ریکلامی گشتیەو نوسینگەی سەرەکی لە ولاَتی (بەلجیکا) یە وچەندین نوسینگەی تری لە شوێنەجیاوازەکانی وەك شاری (کولن )ی ئەڵمانیا ، پاریس،ستوکهۆلم، باشوری کوردستان ( شاری سلێمانی) ، رۆژئاوایی کوردستانهەیە ، هاوکات چەند ستافێکی لە باکوری کوردستان و ئەمریکای لاتین و (شاری مەخمور) ی باشوری کوردستان و چەند ناوچەیەکی تری جیهان هەیە ، ئەم کەناڵە لە سەرهەردوو مانگی دەستکردی (نایلسات) و (هوتبیرد) پەخشی خۆی دەکات.[44]

جێگەی ئاماژەیە، کە ئەم کەناڵە لەهەمان شوێن و بینای یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی (MED TV) دا پەخش دەکات و وشێوازی کارکردنیشی بۆهەمان شێوازی کارکردنی مید تیڤیدەگەرێتەوە ولەلایەن دەستەیەکی(11) کەسیەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەرێوەبردنیشی بەشێوەی هاوسەرۆکیە کە پێکهاتووە لەدوو هاوسەرۆکی (ژن ) و(پیاو) ێك.[45]

سەرچاوەی دارایی ئەم کەناڵە دەگەرێتەوە بۆ کۆمپانیا ریکلامیەکان و کارسازانی کورد لە ئەوروپاو داهاتی فروشتنی وێنەوهەواڵ و هاوکاری کەسایەتیە کوردیەکانی ئەوروپا ، واتە دارایی روون و ئاشکرایە،چونکە بەگوێرەی یاساکانی ئەولاَتە دەبێت سەرچاوەی دارایی کەناڵە میدیاییەکان روون بێت بە مەبەستی دانی باجی ساڵانە،هەروەها پلان وسیاسەتی ئەم کەناڵە هێنانەدی چەمکی (نەتەوەی دیموکراتیك)ە،چەندین بەرنامەی سیاسی و کولتوری و رۆشنبیری و ئاینی هەیە ،کە لەرووی هۆشیاری نەتەوەییەوە گرنگی بە هۆشیاری مێژوویی و دیموکراتیی و نەتەوەیی دیموکراتیك و مافەکانی تاك و ژن دەدات.[46]

[43] سەردار ستار،چالاکوانی سیاسی، چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێکەوتن : 18 /2016/7،سلێمانی.

[44] نەجیبە قەرەداغی، رۆژنامەوان لە کەناڵی ئاسمانی (ستێرك تیڤی) ، چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپیکەوتن : 2016/7/22 ، سلێمانی.

[45] هەمان سەرچاوە.

[46] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گۆڤاری زانستی زانكۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی( 1) ژمارە ( 1)
PP:02-30 ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017 Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

ڕیزبەندی هەواڵەكانیش لەم كەناڵەدا بە پێی گرنگی ڕووداوەكانە لە هەریەك لە پارچەكانی (باكور، رۆژئاوا، رۆژهەلآت، باشور) ی كوردستاندائەم كەناڵە لەجێگرەوەی ئاراستەكردنی تاكی كورد بۆ دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ،هەموو بەرنامەكانی لەخزمەت چەمكی(نەتەوەی دیمەكراتیك)ە ،كەلە بیروبۆچونەكانی ڕێبەری پارتی كرێكارانی كوردستان (عەبدوللآ ئۆجەلان)ەوە وەرگیراوە.[47]

### 2–1 : كەناڵی ئاسمانی (RONAHI.TV)

**كەناڵی ئاسمانیڕوناهی تیڤی (RONAHI.TV)** :كەناڵێكی تەلەفیزیۆنی ئاسمانییە ،كە لە لایەنپارتی كرێكارانی كوردستان -p.k.k.ەوە لە( 21 نوڤەمبەری 2011 ) دامەزراوەو بەرنامەو هەواڵەكانیشی بەزمانەكانی كوردی " كرمانجی و سۆرانی"، عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، بلأودەكاتەوە، لە هەریەكە لە (كۆبانیٚ و عەفرینی ڕۆژئاوای كوردستان )، (شارەكانی قامشلۆ)، شارۆچكەی (دەرندەرلییۆ) ی نزیك لە (برۆكسلی پایتەختی بەلجیكا)، (شاری سلێمانی)ی باشوریكوردستان بارەگای هەیەو هاوكاریدارایشی لە لایەن ڕۆژئاوایكوردستان و گروپ و كۆمەڵە كوردیەكان بەتایبەت لەئەوروپاوە بۆ دەستەبەردەكرێت.[48]

ڕوناهی تیڤی لە سەر هەردوو مانگی دەستكردی (هوتبیرد) و (نایلسات) بەم فریكیۆنسیانە وەشان دەكات:

Frekans: 12520 » Polarizasyon: V - Dikey » Sembol: Eutelsat

Hotbird 13Frekans:11345 » Polarizasyon: V - Dikey » Sembol 27500 NILESAT

ستراتیژی كاركردنی دوورمەودای ئەم كەناڵەئاسمانیەش خۆی لە دامەزراندنی كۆنفیدرالیزمی دیموكراتی بۆ كوردو سەرجەم گەلاندەبینێتەوە،كەلەو ڕوانگەوە گەیشتنی كورد بە سەرجەم مافەكانی لە ئامانجە سەرەكیەكانی ئەم كەناڵەیە، هاوكات ئامانجێكی تر لە دامەزراندنی ئەم كەناڵە ئاسمانیە خستنەڕوو و ڕوماڵكردنی شۆرشی ڕۆژئاوای كوردستان و دروستكردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕۆژئاواو بەشەكانی كوردستان و بلأوكردنەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و پیادەكردنی سیستەمی نەتەوەیی دیموكراتیك و پێكەوەژیانی گەلان و ئایین و ئاینزاكانە،لە لایەكی ترەوە شێوازی بەڕێوەبردنی كەناڵەكەش بە شێوەیەك ڕێكخراوە ،كە لەهەر بارەگایەكدا بە سیستەمی هاوسەرۆكیو ئەنجومەنی بەڕێوەبەری كارەكانی ڕایدەكرێت و بەهۆیەوە سەرپەرشتی بەشەكانی سیاسی،هونەری،كلتوری ،ئابوری،زانستی، مندالآن و وەرزشی، كۆمسیۆن دەكرێت،سەبارەت بە بەرنامەكانی ئەم كەناڵە ئاسمانیەوە ئەتوانرێت بوترێت كە زیاتر تایبەتن بە ڕۆژئاوای كوردستان و بەگشتیش كوردستانی گەورەو پرسی نەتەوەیی مەبەستە، لە ئێستادا ژمارەی بەرنامەكانی دەگاتە (50) بەرنامەی ڕۆژانەو هەفتانەو دووهەفتە و مانگی جارێك وبەرنامەی تایبەتیشی هەیە.[49] ئەم كەناڵە ئاسمانیە لە ڕوانگەی هۆشیاری نەتەوەییەوە كار لەسەر دیموكراتیزەكردن و سیستەمی نەتەوەیی دیموكراتیك دەكات و پێیوایە وەك جێگرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت لە ڕێگەی (سیستەمی نەتەوەیی دیموكراتیك)ەوە گەلی كورد ڕزگاربكرێت، كە بەرجەستەترین نمونەی ئەوسیستەمە نەتەوەییە دیموكراتیەش بەلای ئاراستەكارانی ئەم كەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەوە خۆبەڕێوەبەرێتی خۆرئاوای كوردستانە .

### 2–چوارچێوەی مەیدانی :

**أ– خاسیەتەكەسییەكانیبەرتوێژان :**

**1– مشتەی توێژینەوەكە لەڕووی ڕەگەزەوە:**

[47] نەجیبە قەرەداغی، ڕۆژنامەوان لە كەناڵی ئاسمانی (ستێرك تیڤی) ، چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا، بەرواری چاوپێكەوتن: 2016/7/22 ، سلێمانی.

[48] هەندرین فەرەج هەورامی، ڕۆژنامەوان لە كەناڵی ئاسمانی (ڕوناهی تیڤی) ، چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێكەوتن: 2016/7/25 ، سلێمانی.

[49] سەرچاوەی پێشوو.

PP:02-30 ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017 Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

مشتە(عەینە) وەرگیراوی ئەم توێژینەوەیە، کە پێکهاتووە لە(50) کەس، لەو رێژەیە ژمارەی مشتەی وەرگیراو لە ڕەگەزی( نێر) (28) کەسە، لە بەرامبەردا ژمارەی هەمان مشتە لەڕەگەزی مێ تەنها (22) کەس لەخۆ دەگرێت، هەروەکو لەخشتەی ژمارە (2) دا روونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (2) : بەشداربووانی راپرسی توێژینەوەکە لە رووی ڕەگەزەوە

| ز | ڕەگەز | دوبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 28 | ٪ 56 |
| 2 | مێ | 22 | ٪ 44 |
| کۆ | | 50 | ٪ 100 |

توێژەران فۆرمی راپرسیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی دابەشکردووە،لەم ڕوانگەیەوەڕێژەی( نێر) لە (12٪) لەڕەگەزی (مێ ) زیاترە، وەك دەبینرێت ڕەگەزی (نێر ) ڕێژەی (56٪) مشتەی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت بەلاّم ڕەگەزی(مێ ) تەنها ڕێژەی (44٪) بەشداربووانی راپرسیەکە لەخۆدەگرێت .

**2- ئاستی خوێندەواری مشتە(عەینە)ی توێژینەوەکە :**

مشتە(عەینە) ی توێژینەوەکە لەڕووی ئاستی خوێندەواریەوە بەسەر هەڵگرانی بڕوانامەجیاوازەکاندا لە قۆناغەجیاوازەکانی خوێندندادابەشبووە، لەو ڕووەوە لەکۆی ( 50 ) کەسی وەرگیراوی مشتەی توێژینەوەکە، ژمارەی ئەوانەی بڕوانامەی ئاستی خوێندنی (ناوەندی) یان هەیە (15) کەسن، لەکاتێکدا لەکۆی ژمارەی بەشداربووانژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم ) تەنها( 12) کەس پێك دەهێنێت ، لەبەرامبەردا (21) کەس لە بەشداربووانی مشتە(عەینە) کە بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس ) یان هەیە،بەلاّم ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی ،کە بڕوانامەی( ماستەر) یان هەیە تەنها (2) کەسن، لەکاتێکدا هیچ بەشداربوویەکی مشتەی توێژینەوەکە بڕوانامەی (دکتۆرا) ی نییە، هەروەك لەخشتەی ژمارە (3) دا ئاماژەی پێکراوە:

**خشتەی ژمارە(3): بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکەلەڕوویئاستیخوێندەواریەوە :**

| ژ | ئاستیخوێندن | دوبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوەندی | 15 | ٪ 30 |
| 2 | دبلۆم | 12 | ٪ 24 |
| 3 | بەکالۆریۆس | 21 | ٪ 42 |
| 4 | ماستەر | 2 | ٪ 4 |
| 5 | دکتۆرا | 0 | ٪ 0 |
| کۆ | | 50 | ٪ 100 |

بەوردبوونەوە لەخشتەی ژمارە(3) بۆ توێژەران ڕوون دەبێتەوە ،کە زۆرترینی بەشداربووانی مشتەی توێژینەوەکە خاوەنی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن کەڕێژەی (42٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسیەکەپێك دەهێنێت،بەلاّم هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەرو دکتۆرا) کەمترین ڕێژەی مشتەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن، لەم ڕوانگەیەوە هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر) تەنها لە ( 4٪ ) پێك دەهێنن، لەکاتێکدا ( 0٪) ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا) یە لەکۆی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە.

**3- ئاستی مشتە (عەینە) ی توێژنەوەکە لەڕووی تەمەنەوە :**

بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە لەڕووی ئاستی تەمەنەوە دابەشبوون بۆچەند گروپێك ، وەك لەخشتەی ژمارە(3) دا ڕوونکراوەتەوە، لەو بارەوە گروپی (18-24) ساڵی تەمەنی (10) کەس لەبەشداربووانی توێژینەوە کەلەخۆدەگرێت، بەلاّم

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

ئەوانەی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان گروپی ( 25–31) ساڵی تەنها (11) کەسن، لە بەرانبەردا ژمارەی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (32– 38 ) ساڵیدایە تەنها (9) کەس پێك دەهێنن، لەکاتێکدا (6) کەس لەبەشداربووانی توێژینەوەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (39– 45 ) ساڵییەوە.هەرچی گروپی پێنجەمی توێژینەوەکەشە لەرووی تەمەنەوە دەکەونە نێوان (46– 52 ) ساڵی ، کە (7) کەس لەکۆی ( 50 ) بەشداربووی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، هاوکات ( 5) کەس لەمشتە(عەینە) ی توێژینەوەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان گروپی (53– 59) ساڵیەوە، کۆتا گروپیش بۆتەمەنی (60– 66) ساڵی تەرخانکراوە، کە رێژەکەیان تەنها (2) کەسە. هەروەك لەخشتەی ژمارە (4) روونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (4): بەشداربووانی راپرسی توێژینەوەکە لە رووی تەمەنەوە

| ژ | تەمەنبەساڵ | دوبارە | رێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | 18 - 24 | 10 | 20 ٪ |
| 2 | 25- 31 | 11 | 22 ٪ |
| 3 | 32- 38 | 9 | 18 ٪ |
| 4 | 39 - 45 | 6 | 12 ٪ |
| 5 | 46- 52 | 7 | 14 ٪ |
| 6 | 53- 59 | 5 | 10 ٪ |
| 7 | 60- 66 | 2 | 4 ٪ |
| کۆ | | 50 | 100 ٪ |

بەوردبوونەوە لەخشتەی ژمارە (4) بۆ توێژەران دەرکەوت، کە دوو گروپی گەنجترینی بەشداربووانی توێژینەوەکە زۆرترین رێژەی مشتەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، لەو سونگەیەوە(10) کەس تەمەنیان دەکەوێتە گروپی (18–24) ساڵیەوە کەدەکاتەرێژەی ( 20٪) ی بەشداربووانی توێژینەوەکە، هاوکات گروپی (25– 31) ساڵی (11) بەشداربوو لەخۆدەگرێت، کەرێژەی( 22٪) پێك دەهێنێت .

لەبەرامبەردا گروپی (60- 66)،کە گروپی بەساڵاچووان دەگرێتەوە تەنها (2 ) کەس دەگرێتەخۆو رێژەی (4٪) ی بەشداربووانی راپرسی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت، لەو گۆشەنیگایەوە بۆ توێژەران دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەوانەی فۆرمی راپرسیان بەسەردا دابەشکراوە لەگروپی گەنجەکانن.

**4– مشتە (عەینە) ی توێژنەوەکە لە رووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە:**

سەبارەت شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووانی مشتە(عەینە) ی توێژینەوەکە، بەسەر هەردوو جوگرافیای (ناوشار) و (دەرەوەی شار) دادابەشبووە، رێژەی بەشداربووانی مشتەی توێژینەوەکە کەنیشتەجێی ناوشاری سلێمانین ،دەگاتە (38) بەشداربوو لەکۆی (50) بەشداربووی راپرسی توێژینەوەکە لەسەر ئاستی سنوری پارێزگای سلێمانی،بەلاَم (12) کەس لەمشتەی توێژینەوەکە لەدەرەوەی شاری سلێمانی نیشتەجێن،وەك لەخشتەی ژمارە (5) دا روونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (5 ): بەشداربووانی راپرسی توێژینەوە لە رووی شوێنی نیشتەجێبونەوە

| ژ | شوێن | دوبارە | رێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوشار | 38 | 76 ٪ |
| 2 | دەرەوەیشار | 12 | 24 ٪ |
| کۆ | | 50 | 100 ٪ |

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە(5) بۆ توێژەران روونبۆتەوە ،کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربوونی ڕاپرسی توێژینەوەکە نیشتەجێی شاری سلێمانین کە ڕێژەیان دەگاتە( 38) کەس لەکۆی (50) هاوڵاتی مشتەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی ( 76٪) ی مشتە کە پێکدەهێنن، ئەمەش ئەوە دەردەخات ،کە هەرچەندە کە توێژەران بەشێوەی هەرەمەکی لەناو سنوری پارێزگای سلێمانیدا (لەناو شارو دەرەوەی شاردا) فۆرمیان دابەشکردووەبەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی دانیشتوانی ناوشارەوە زۆربەی فۆرمەکان بەر ئەو هاوڵاتیانە کەوتوون ،کە نبشتەجێیی شاری سێمانین، لەبەرامبەردا ڕێژەی بەشداربووانی دەرەوەی شار تەنها (12) کەسەو (24٪) کۆی بەشداربووانی توێژینەوەکە پێك دەهێنن

**ب_ پرسیارەتایبەتیەکانسەبارەتبەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکانو هۆشیارینەتەوەیی :**

**1_ ئاستی سەیرکردنی کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکان:**

سەرجەم بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە ،کەژمارەیان (50) کەسە سەیری کەناڵە تەلەفیزۆنیە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەن ولەبەرامبەردا سەیرنەکردنی کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکوردیەکان تەنها ڕێژەی (0) سفری وەرگرتووە، وەك لە خشتەی ژمارە(6) دا دەردەکەوێت :

خشتەی ژمارە( 6) : ئایا سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکەیت؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 50 | ٪ 100 |
| 2 | نەخێر | 0 | ٪ 0 |
| کۆ | | 50 | ٪ 100 |

بەوردبوونەوە لەخشتەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کەڕێژەی (100 ٪) لەسەدا سەدی بەشداربووانی مشتەی توێژینەوەکە لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا بینەری کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانن،ئەمەش ئاستی کاریگەری تەلەفیزیۆن لە سەرنجراکێشانی بینەرانیدادەردەخات ،هەروەها هاوسەنگی مشتەی توێژینەوەکە دەردەخات کەمشتەیەکی بینەری بەردەوامی تەلەفیزیۆنەو لەو ڕوانگەوە ڕاکانیان جێگەی بایەخە.

**2_ئاستی سەیرکردنی کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن مشتەی توێژینەوەکەوە :**

ئاستی سەیرکردنی کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن بەشداربووانی مشتەی توێژینەکەوە ئاستێکی بەرزە، لەو ڕوانگەوە لەکۆی(50) کەس لەبەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە(46) کەس بینەری کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی ئەو پارتەن، لەبەرامبەردا تەنها ( 4 ) کەس بینەری کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نین، وەك لەخشتەی ژمارە(7) دا دەردەکەوێت :

خشتەی ژمارە (7 ) ئایاسەیریکەناڵەتەلەفیزیۆنیەئاسمانیەکانی STERK.TV )و(RONAHI TV دەکەیت؟

| ژ | گۆڕاو | دوبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 46 | ٪ 92 |
| 2 | نەخێر | 4 | ٪ 8 |
| کۆ | | 50 | ٪ 100 |

گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی( 1) ژمارە ( 1)
PP:02-30 ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017 Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

بەتێڕامان لەخشتەی سەرەوە دەردەکەوێت ،کەلە(92٪)ی بەشداربوانی ڕاپرسی توێژینەوەکە سەیری کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن و لەبەرانبەریشدا ( 8٪) بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە و سەیرکردنیان بۆ ئەو کەناڵانە ڕەتکردۆتەوە.

**3- ئاستی سەیرکردنی بەشداربوانی ڕاپرسی توێژنەوەکە بۆ کەناڵە ئاسمانیەکانی( STERK.TV )و(RONAHI.TV) :**

ئاستی سەیرکردنی بینەران بۆ کەناڵی (STERK.TV)لە (3) ئاستی جیاوازداخۆیدەبینێتەوە ، لەو ڕووەوە لە کۆی (46) کەسی بینەری کەناڵە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوانەی بە (بەردەوام) ی سەیری کەناڵەکە دەکەن، ژمارەیان( 33) کەسە ،لە بەرانبەردا ئەوانەی سەیری ئەم کەناڵە ئاسمانیە دەکەن بە شێوەیەکی (مام ناوەند) ژمارەیان تەنها (7)کەسە، لەکۆتاییدا تەنها (6) کەسیش (بەکەمی) سەیری کەناڵی ناوبراو دەکەن .

پەیوەست بەسەیرکردنی کەناڵی ئاسمانی (RONAHI. TV) یشەوە، بەهەمان شێوە لەکۆی (46) بینەری کەناڵە ئاسمانییەکان(27) کەس بەشێوەیەکی (بەردەوام) بینەری ئەم کەناڵەیە و ( 11) کەسی تریش بەشێوەیەکی مام ناوەند سەیری دەکەن و (8)کەسیش (بەکەمی) سەیری دەکەن، هەروەك لە خشتەی ژمارە (8) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (8): ئایاسەیریکەناڵەتەلەفیزیۆنیەئاسمانیەکانی (STERK.TV )و ( RONAHI.TV) ئەکەیت؟

| ژ | گۆڕاو | STERK.TV | ڕێژەیسەدی | RONAHI.TV | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 33 | ٪ 71.7 | 27 | ٪ 58.7 |
| 2 | مامناوەند | 7 | ٪ 15.2 | 11 | ٪ 23.9 |
| 3 | بەکەمی | 6 | ٪ 13.1 | 8 | ٪ 17.4 |
| | کۆ | 46 | ٪ 100 | 46 | ٪ 100 |

بەوردبوونەوە لەخشتەی پێشوو بۆ توێژەران دەردەکەوێت ،کەلەکۆی (46) کەس لەوانەی سەیری کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکانی (p.k.k) ئەکەن (33) کەس بە ڕێژەی ( 71.7 ) بە (بەردەوامی) سەیری کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و(27) کەسیش کە ڕێژەی ( 58.7٪) ی بینەرانی کەناڵەکانی ئەو پارتە پێك دەهێنێت بە (بەردەوامی) سەیری کەناڵی ئاسمانی( RONAHI.TV ) دەکەن ، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بۆسەیرکردنی بەردەوامی ئەم دووکەناڵە لەلایەن بینەرانی کەناڵە ئاسمانیەکانی (p.k.k)بەگشتی، لەبەرانبەردا ڕێژەی (بەکەمی) سەیرکردن بۆ (STERK.TV) تەنها ڕێژەی (13.1٪)ەو بۆ ( RONAHI.TV ) یش ڕێژەی (17.4 ٪ ) پێکدەهێنیت کە ڕێژەیکی نزمە و ئەمەش نیشانەی پڕ بینەری ئەو دوو کەناڵە لەناو بینەرانی کەناڵە ئاسمانیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا بە گشتیدەردەخات .

**4- بایەخی کەناڵە ئاسمانیەکانی ( STERK.TV) و ( RONAHI.TV ) بە گفتوگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەیی بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەریەك لەپارچەکانی کوردستان:**

سەبارەت بەڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیەکانی (p.k.k)لە لەبەرچاوگرتنیتایبەتمەندیهەریەکلەپارچەکانیکوردستان لەمیانەی بایەخدان بە گفتوگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەیی دا ،(18) کەس لەکۆی بینەری کەناڵە ئاسمانیەکانی (p.k.k) پێیان وایە کە ئەم دوو کەناڵە ئاسمانیە تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستانیان لەبەرچاو گرتووە، لەبەرامبەردا ( 4 ) کەسیش پێیان وایە کە لەمیانەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەییدا تایبەتمەندی ئەو پارچانەیان لەبەرچاو نەگرتووە ،بەڵام زۆرینەی بینەرانی کەناڵە ئاسمانیەکانی ئەو پارتە ،کەژمارەیان دەگاتە (24) کەس پێیان وایە تاڕادەیەك تایبەتمەندی ئەو پارچانەیان لەبەرچاوگرتووە،هەروەك لە خشتەی ژمارە (9) دا ڕوونکراوەتەوە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

خشتەی ژمارە(9): لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستان لەلایەن هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV)لەمیانەی بایەخدانیان بە گفتوگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەییدا .

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | تایبەتمەندیپارچەکانیکوردستانیانلەبەرچاوگرتووە | 18 | ٪ 39.1 |
| 2 | تایبەتمەندیپارچەکانیکوردستانیانلەبەرچاونەگرتووە | 4 | ٪ 8.7 |
| 3 | تاڕادەیەکلەبەرچاویانگرتووە | 24 | ٪ 52.2 |
| کۆ | | 46 | ٪ 100 |

بەورد بوونەوە لەخشتەی ژمارە (9) بۆتوێژەران دەرکەوت ،کەهەردوو کەناڵی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV) لەکاتی گفتوگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەیدا تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستانیان لەبەرچاو گرتووە، هەروەک کۆی خانەی یەکەم و سێیەمی خشتەکە پیشانیدەدا، کەڕێژەی (91,3٪) بەشداربووان پێیان وایە کە تایبەتمەندی پارچەکانی تری کوردستانیان – بەتەواوی یاخود تاڕادەیەک – لەبەرچاوگرتووە،ئەمەش پشتڕاستی هەڵبژاردنی توێژەران دەکاتەوە بۆ ئەم دووکەناڵە ئاسمانیەی مشتەی توێژینەوەکە ،کە لەسەرەتادا یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم دووکەناڵە ئاسمانیە بەمشتەی توێژینەوەکە لەناو کەناڵە تەلەفیزیونیە ئاسمانیەکوردیەکاندا لەدیدی توێژەرانەوەئەوەبوو،کە پەیامەکانی ئەم دووکەناڵە ئاسمانیە تایبەت نییە بە پارچەیەکی کوردستان و شێوەزارێکی دیاریکراوی کوردی، بەڵکو وەك یەك بایەخ بەرووماڵکردنی تێکرای ڕووداوەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەدەن وەك ئەرکێکی میدیایی و پیشەیی و نەتەوەیی خۆیان، لە ڕوانگەی ئەو ئەنجامەوەدەردەکەوێت ،کە پەیامەکانیانپێچەوانەی ڕەوشی سیاسی و ئابوری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان نییە و تایبەتمەندی ئەم پارچەیەی کوردستانیشیان لەبەرچاو گرتووە.

**5– ڕەچاوکردنی کەناڵە ئاسمانیەکانی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV) بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی مشتە (عەینە)ی توێژینەوەکە.**

کەناڵە ئاسمانیەکانی (STERK.TV )و(RONAHI.TV) لەمیانەی بایەخدانیان بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا زیاتر جەخت لەسەر گەیاندنی پەیامەکانیان بە هاوڵاتیانی (شارنشین)دەکەنەوە ، لەم ڕوانگەیەوە( 33) کەس لەکۆی (46) بینەری کەناڵەکان ،ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە لەبەرامبەردا تەنها (6 ) کەس پێیان وایە ئەم دوو کەناڵە ئاسمانیە جەختیان لەسەر هاوڵاتیانی (گوندنشین) لەبەرنامە نەتەوەییەکانیاندا کردۆتەوە .

خشتەی ژمارە(10): ئایا کەناڵە ئاسمانیەکانی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV) لە بایەخ پێدانیان بە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕۆشنبیرکردنی هاوڵاتیانی شارنشین یاخود هاوڵاتیانی گوندنشین ؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هاوڵاتیانیشارنشین | 33 | ٪ 71.7 |
| 2 | هاوڵاتیانیگوندنشین | 6 | ٪ 13 |
| 3 | هەردوکیان | 7 | ٪ 15.3 |
| کۆ | | 46 | ٪ 100 |

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

بەسەرنجدان لەخشتەی سەرەوە بۆ توێژەران ڕووندەبێتەوە،کە بایەخدانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV ) و RONAHI.TV) بەگەیاندنی پەیامەکانیان لە بارەی هۆشیاری نەتەوەییەوە بۆ هاووڵاتیانی ( شارنشین)بەڕێژەی( 71,7٪) لەئاستێکی باڵادایە ،لەبەرامبەردا جەختکردنەوەی ئەو دووکەناڵە ئاسمانیە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان لە هۆشیاری نەتەوەیی بە هاوڵاتیانی ( گوندنشین) تەنها( 13٪ )ی بەرکەوتووە،ئەمەش ئەوە دەردەخات کەپەیامی هەردوو کەناڵی ئاسمانی ناوبراو زیاتر پەیامێکی شاریانەیە وکەمتر بایەخ بەجوڵاندنی هەست و هۆشی نەتەوەیی گوندنشینان دەدات .

**6-ڕۆڵی کەناڵەئاسمانیەکانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و بەشداری لە پەروەردەکردنی هاوڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر پرسینەتەوەکەی:**

ڕای مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بەڕۆڵی میدیایی کەناڵەئاسمانیەکانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV)لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی وبەشداری لەپەروەردەکردنی هاووڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر پرسی نەتەوەکەی خۆی لە چەند وەلامێکدا دەبینێتەوە، لەو ڕووەوە (14) کەس ڕایان وایە ڕۆڵێکی (زۆرباش) یان هەبووە، هاوکات (13) بەشداربووی تر پێیان وایە ڕۆڵیان (تاڕادەیەك باش) بووە لەو بوارەدا، لە پلەی سیەمیشدا ڕۆڵی( باش) بۆتە هەڵبژاردەی (11) بەشداربووی تر، لە کۆتایشدا (8) کەس ئاماژەیان بە ئەوەکردووە،کە ئەو دوو کەناڵە ناوبراوە لەبواری ئاماژەپێدراوداڕۆڵێکی (لاواز) یان هەیە.

خشتەی11: ڕۆڵیکەناڵەئاسمانیەکانی(STERK.TV) و(RONAHI.TV) لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و بەشداری لە پەروەردەکردنی هاووڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر پرسی نەتەوەکەی چۆندەبینیت؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆرباش | 14 | ٪ 30.4 |
| 2 | باش | 11 | ٪ 24 |
| 3 | تاڕادەیەك | 13 | ٪ 28.3 |
| 4 | لاواز | 8 | ٪ 17.8 |
| کۆ | | 46 | ٪ 100 |

بە تێڕوانینی توێژەران بو ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە(11) دەردەکەوێت: هەردوو کەناڵی ئاسمانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) لە بواری بڵاوکردنەوەیڕۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی وبەشداریان لە پەروەردەکردنیهاوڵاتیەکیهۆشیارو بە ئاگا دالەهەمبەر دۆزو کێشەی میللەتەکەی خاوەن ڕۆڵێکی ئەرێنی بەرچاون ، لەم ڕوووەوە کۆی خانەکانی یەکەم دووەم کە دەکاتە (54.4٪) ی بینەرانی کەناڵە ئاسمانیەکانی پارتی کریکارانی کوردستان پشت ڕاستی ئەوە دەکەنەوە، ئەمەش بۆ پلان و سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە بە پلەی یەکەمدەگەڕێتەوە .

**7- ڕۆڵی کەناڵەئاسمانیەکانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV)لەبایەخپیدان بە مێژووی نەتەوایەتی کورد وقۆناغە جیاوازەکانی و ڕوونکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی لەسەردەمی باڵا دەستبوونی جیهانگیریدا .**

بەشداربووانی ڕاپرسی توێینەوەکە لەهەمبەر ڕۆلی کەناڵەئاسمانیەکانی (STERK.TV) و(RONAHI.TV) لەبایەخ دانیان بە مێژوویەنەتەوایەتیکورد وقۆناغەجیاوازەکانی و ڕوونکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی ل سەردەمی باڵا دەست بوونی جیهانگیری دالە چەند پۆلێنیکی جیاوازدا ڕای خویان خستۆتە ڕوو ، لەو سونگەوە (19) کەس ڕایان وایە ڕۆڵیان (تاڕادەیەك) باشبووە، هاوکات ژمارەی ئەوانەی پێیان وایە ڕولیان (زۆرباش)ە ( 17)بەشداربووی ڕاپرسی توێژینەوەکەن، لەپلەی سێیەمیشدا (10) کەس پشتڕاستی ڕۆڵی (باش) ی هەردوو کەناڵی ناوبراویان کردۆتەوە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)  PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5  Feb/2017

خشتەی(12) : ڕۆڵی  كەناڵەئاسمانیەكانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) چۆن دەبینیت لە بایەخپێدان بە مێژووی‌نەتەوایەتی‌كورد وقوناغە جیاوازەكانی و خەباتی‌نەتەوایەتی‌لەسەردەمی‌بالأدەستبوونی‌جیهانگیریدا؟

| ز | گۆڕاو | دوبارە | ڕێژەی‌سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆرباش | 17 | ٪ 37 |
| 2 | باش | 10 | ٪ 21.7 |
| 3 | تارادەیەك | 19 | ٪ 41.3 |
| كۆ | | 46 | ٪ 100 |

توێژەران بە وردبونەوەیان لەئەنجامەكانی خشتەی ژمارە(12) بۆیان ڕوونبۆوەكە هەردوو كەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و(RONAHI.TV) لەپلانی بەرنامەكانیاندا بایەخیان بە مێژووی نەتەوایەتی كورد وقۆناغە جیاوازەكانی و ڕوونكردنەوەی چەمكی خەباتی نەتەوایەتی لە سەردەمی بالأدەستبوونی جیهانگیریدا داوە، لەو ڕوانگەوە ڕیژەی (58.7٪) كە كۆی هەردوو خانەی (باش) و( زۆر باش)ە پشتڕاستی ئەو ڕۆڵە ئەرێنیەی ئەو دوو كەناڵەیان لە بواری ئاماژەپێدراوداكردۆتەوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات ،كەهەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی نەتەوایەتی كورد لەتێكرای قۆناغەجیاوازەكاندا وئاشناكردنی بینەران بە گشتی و نەوەی نویَ بە تایبەتی بەو مێژووە بەشێكە لە هۆشیاری نەتەوایەتی ،كە هەردوو كەناڵی مشتەی توێژینەوەكە كاری لە سەر دەكەن، هاوكات لەدیدی توێژەرانەوە شیكردنەوەی چەمكی خەباتی نەتەوایەتی لە ئێستادا گرنگی بەرچاوی هەیەبەتایبەت لەم سەردەمەدا ،كە بەهۆی هەژمونی جیهانگیریەوە گۆڕانكاری بەسەر نەتەوەو خەباتی نەتەوایەتیدا هاتووەو بەریەككەوتن و ململانیَ لەنێوان خەباتی نەتەوایەتی و جیهانگیریدا دروست بووە، لەو ڕەوشەدا كاركردنی هەردوو كەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی مشتەی توێژینەوەكە لەسەر ئەو پرسە بە ئاراستەی بایەخدانیان بە هۆشیاری نەتەوایەتی‌خاڵێكی ئەرێنیی هەردوو كەناڵی ئاسمانیە.

**8- ڕۆڵی كەناڵەئاسمانیەكانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) لەئاراستەكردنی هاولأتیانی كوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوەییەكانی: (ئۆتۆنۆمی،فیدرالی،كۆنفیدرالی،مافی چارەی‌خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی):**دەربارەی ڕۆڵی هەردوو كەناڵی ئاماژەپێكراوی سەرەوە لەهاندانی هاوولأتیانی كوردستان بۆهێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەكانی وەكو (ئۆتۆنۆمی،فیدرالی كۆنفیدرالی،مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی) بەشداربووانی مشتەی توێژینەوەكە ڕای خۆیان لە چەند ئاستێكدا خستۆتەڕوو، لەو گۆشەنیگایەوە، لەكۆی (46) بینەری كەناڵە ئاسمانیەكانی پارتی كریكارانی كوردستان (29) كەس ئاماژەیان بە ئەوە كردووە،كە ڕۆڵی ئەم دووكەناڵە ئاسمانیە لەو بوارەدا ڕۆڵێكی لاوازو (كەم)ەو لە پلەی یەكەمدایە، لەپلەی دووەمیشدا (9) كەس پێیان وایە ڕۆڵی هەردووكەناڵی ئاسمانی ناوبراو لەو بوارەدا( تارادەیەك) باش بوە، لە كۆتاییدا تەنها (8) بەشداربووی ڕاپرسی توێژینەوەكە گەشبین بوون بە ڕۆڵی ئەو دووكەناڵە ئاسمانیە وڕایان وابووە ،كە ڕۆڵێكی (زۆر) یان هەیە لە ئاراستەكردنی هاوولأتیانی كوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەكانیان.

خشتەی13: تاچەند كەناڵە ئاسمانیەكانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV) ڕۆڵیان لە ئاراستەكردنی هاولأتیانی كوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوایەتیەكانی وەكو (ئۆتۆنۆمی ، فیدرالیكۆنفیدرالی ، مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی) هەبووە؟

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی‌سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 8 | ٪ 17.3 |
| 2 | كەم | 29 | ٪63 |
| 3 | تارادەیەك | 9 | ٪19,7 |

PP:02-30    ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017    Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5

| | | |
|---|---|---|
| کۆ | 46 | ٪ 100 |

توێژەران بە وردبینیەوەو تێرامان لەو دەرئەنجامە نەرێنیەی ،کەلە(63٪) ی بەشداربووانی توێژینەوەکەرایان وایە هەردووکەناڵی ئاسمانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) ڕۆڵیان لەئاراستە کردنی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ هێنانەدی خواستەنەتەوایەتیەکانی وەکو (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، مافی چارەی خۆنوسین ودامەزراندنی دەوڵەتی کوردی) لاوازو (کەم)ە، ئەمەش بە رای توێژەران بۆ کەم بایەخدانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی بەو بوارە گرنگەی ژیانی گەلی کوردستان دەگەرێتەوە،هۆکاری ئەم کەم بایەخدانەشیان بەوبوارە بەشێکی دەگەرێتەوەبۆ ئەوەی ،کەئەم دوو کەناڵە ئاسمانیەو" تەنانەت (پارتی کرێکارانی کوردستان) یش وەك پارتێکی سیاسیی خاوەنداری ئەم دوو کەناڵە تەلەفیزیۆنیە ئاسمانیە، کار بۆ چەسپاندنی چەمکی (نەتەوەی دیموکراتیك ) دەکەن وەك شوێنگرەوە ــ بدیل ــ ێك بو (دەوڵەتی نەتەوەیی یان دەوڵەت نەتەوە".[50] .
مەبەستیان لە چەمکی (نەتەوەی دیموکراتیك ) ئەوەیە ،کە دەکرێت نەتەوەیەك دەوڵەتی نەتەوەیشی نەبێت و دیموکراتیانە خۆی ڕێکبخات هەرلە گەرەك و گوند و شاروچکەیەکەوە تاکو شارو هەرێم و کەنتونێك خۆرێبەری بۆخۆیان رابگەیەنن ،بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کەلەژێر سەروەری چ دەوڵەتێکی نادیموکراتی دانپێنراودا دەژین، مەبەستیانە بە بەرخودانی بەردەوام وا بکەن ئەو دەوڵەتە سەردەستە مل بۆ خۆرێبەری دیموکراتیانەی نەتەوەی کورد بدات[51] .

**9- رۆڵی کەناڵەئاسمانیەکانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) لەدروستکردن و قوڵکردنەوەی گیانی ئینتما بو نەتەوە لای هاوڵاتی کورد**: زۆرینەی بەشداربوونی مشتەی توێژینەوەکە ،کە ژمارەیان دەگاتە (27) کەس رایان وایەکە کەناڵەئاسمانیەکانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV)رۆڵێکی (زۆر) یان لەدروستکردن و قوڵکردنەوەیگیانی ئینتمابۆنەتەوەلایهاووڵاتیکورد،هەبووە لەبەرانبەردا کەمینەیەك ،کە ژمارەیان تەنها (8) کەسە، پێیان وایە لەو بوارەدا هەردووکەناڵی ناوبراو رۆڵێکی (کەم) یان هەبووە،هەروەك گروپێکی تریش کە ژمارەیان(11) کەسە تێروانینیان وایەکە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ناوبراو (تارادەیەك) رۆڵیان لەدروستکردن و قوڵکردنەوەیگیانی ئینتمابۆنەتەوەلایهاوڵاتیکوردهەبووە ،هەروەك خشتەی ژمارە (14) ئەو زانیاریانەی روونکردوتەوە:

خشتەیژمارە (14): تاچەند کەناڵەئاسمانیەکانی(STERK.TV)و(RONAHI.TV) رۆڵیان لە دروستکردن و قوڵکردنەوەیگیانی ئینتمابۆنەتەوەلایهاوڵاتیکوردهەبووە ؟

| ژ | گۆڕاو | دوبارە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 27 | ٪ 58.7 |
| 2 | کەم | 8 | ٪ 17.4 |
| 3 | تارادەیەك | 11 | ٪ 23.9 |
| کۆ | | 46 | ٪ 100 |

توێژەران لە میانەی سەرنجدانیان لە خشتەی ژمارە (14) دا بۆیان روونبوتەوە ،کە: رۆڵی هەردوو کەناڵی ئاسمانی ناوبراو لەدروستکردن و قوڵکردنەوەیگیانی ئینتمابۆنەتەوەلایهاوڵاتیکورد لەئاستێکی بەرزو بەرچاودایە و ئاماژەی رێژەی (58.7 ٪) ی رای بەشداربووان لەو بارەوە لەبەرانبەر بوونی تەنها رێژەی (17.4 ٪) رای پێچەوانەدا، نیشانەی بایەخپێدانی هەردوو

[50]-نەجیبە قەرەداغی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[51]هەمان سەرچاوە.

کەناڵیئاسمانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) یە بە بابەتی ئینتیماو قوڵکردنەوەی گیانی ئینتماو خۆشەویستی نیشتمان لە هزرو بیری هاولاَتیانی کورد دا.

توێژەران ئەم بایەخەی هەردوو کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی مشتەی توێژینەوەکە بەدروستکردنی ئینتماو گەشەپێدانی لە هزری بینەرانی کوردستاندا بەبنەمایەکی گرنگی هۆشیاری نەتەوایەتی دەبینن،هاوکات بەپێویستیەکی بنەڕەتی ئەم قۆناغەی خەباتی نەتەوایەتی نەتەوەی کوردیشی دەزانن، هاوکات ئەو ئەنجامە ئاماژە پێدراوەی سەرەوەش گەواهیدەری ئەو راستیەیەکە هەردوو کەناڵی ناوبراو تێروانینێکی نەتەوەیی بەسەر روماڵ و پەخشی بەرنامەکانیاندازاڵە ولەپلانی میدیاییاندا بابەتی ئینتماو کارکردن لەسەردروستکردنی خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ نەتەوەی کورد لە پلەی باڵای ریزبەندی بایەخپێدانەکانیاندایە، ئەمەش بەخاڵێکی ئەرێنیی هەردووکەناڵیئاسمانی ناوبراو لە هەمبەر بەجێهێنانی ئەرکی هۆشیاری بەخشینی نەتەوەییاندادەژمێردرێت.

**پێنجەم: ئەنجام وپێشنیاز وراسپاردەی توێژینەوەکە:**

**أ–ئەنجامی توێژینەوەکە:**

أ– بۆتوێژەران روونبۆوە ،کە ئاستی سەیرکردنی مشتەی جەماوەریسنوری پاریزگای سلێمانی بو کەناڵەتەلەفیزیۆنیەئاسمانیەکانی STERK.TV )وRONAHI TV) ئاستیکی زۆر بەرزە.

ب–توێژەران گەیشتن بەو ئەنجامەکەی ،کەهەردوو کەناڵی ئاسمانی(STERK.TV) و (RONAHI.TV) لە بلاَوکردنەوەی رۆشنبیری نەتەوەیی وبەشداری لە پەروەردەکردنی هاوولاَتیەکی هۆشیار دالە هەمبەردۆزو کیشەی میللەتەکەی خاوەن رۆلێکی باش و بەرچاون.

3ج– توێژەران بۆیان روون بۆتەوە،کە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV) تاڕادەیەك رۆڵیانلە بایەخدان بە مێژووی نەتەوایەتی کورد ودەرخستنی ویستگەو قۆناغە جۆر بەجۆرەکانی و رۆشنکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی لە سەردەمی هەژمونی جیهانگیریداهەبووە .

د–توێژەران بۆیان دەرکەوت ،کەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV) و (RONAHI.TV) خاوەن رۆڵێکی نەرێنی و لاوازنلەئاراستەکردنیهاولاَتیانیکوردستانبۆهێنانەدیخواستەنەتەوایەتیەکانیوەکو(ئۆتۆنۆمی،فیدراڵی،کۆنفیدراڵی،مافیچارەیخۆنوسینودامەزراندنیدەوڵەتیکوردی) دا.

هـ– توێژەران گەیشتن بەو ئەنجامەی ،کە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( STERK.TV) و (RONAHI.TV) خاوەن رۆڵێکی باش و بەرچاون لەدروستکردن و قوڵکردنەوەیگیانی پابەندێتی بۆنەتەوەو نیشتمان لە هزرو بیری هاوولاَتیانی کورد دا.

و– توێژەران گەیشتن بەو ئەنجامەی ،کەهەردوو کەناڵی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV) لەکاتی گفتوگۆکردنی بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەییدا تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستانیان تاڕادەیەك لەبەرچاوگرتووە.

ح– توێژەران بەو دەرئەنجامە گەیشتن کەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (STERK.TV ) و (RONAHI.TV) لەمیانەی بایەخدانیان بەبلاَوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی زیاتر جەخت لەسەر گەیاندنی پەیامەکانیان بە هاولاَتیانی (شارنشین) دەکەنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ،کە پەیام و بەرنامەکانیان زیاتر پەیامێکی شاریانەیە و بایەخیان لە جولاَندنی هەست و هۆشی نەتەوەیی گوندنشینان و خەڵکانی ناوچەکانی دەرەوەی شارەکاندا لە ئاستێکی لاوازدایە.

2– **پێشنیازی توێژینەوەکە**:توێژەران دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، چەند پێشنیازێکیان لەلا گەلاَڵە بووە، دەیخەنەڕوو بۆ هەردووکەناڵی مشتەی توێژینەوەکە،تاوەکو بتوانن لەمەودوا کاری لەسەر بکەن:

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

أ–توێژەران پێشنیاز ئەکەن بۆهەردووکەناڵیئاسمانی مشتەی توێژینەوەکە، لەمیانەی بلاوکردنەوەی پەیامە نەتەوەییەکانیاندا زیاتر جەخت بکەنەوە لە سەر جوڵاندنی هەست و هۆشی نەتەوەیی هاوڵاتیانی گوندنشین وبایەخی زیاتر بەهۆشیارکردنەوەیان لە مەڕ پرسی نەتەوەیی بەگشتیبدەن.

ب _توێژەران پیشنیازی ئەوە دەخەنە بەردەم هەردوو کەناڵی ئاسمانی مشتەی توێژینەوەکە کە بایەخی زیاتر بە ئاراستەکردنی بینەرانی کوردستان بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوەییەکانیان بدەن ،کە باڵاترینیان (مافی چارەی خۆنوسین ودەوڵەتی نەتەوەیی ) یە وەك چەترێك بۆ نەتەوەی کورد.

ج _ پێشنیازێکی تری توێژەران بۆ کەناڵەکانی مشتەی توێژینەوەکە ئەوەیەکەزیاتر بێنە ناو خەڵك و بێلایەنانە و بابەتیانە رووماڵی رووداوەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان بکەن،هەروەها رووبەرێك لەنێوان خۆیان و پارتەکەیاندا بۆسەربەخۆیی میدیایی ورووماڵکردنی خەمەکانی خەڵك بهێڵنەوەو بەتەنها کار لەسەر هەواڵ و کاروچالاکی پارتەکانی نزیك لە خۆیان نەکەن.

د_ توێژەران پیشنیار دەکەن ،کە هەموودەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی و ئەهلی لەکوردسناندا بەرنامەو بایەخەکانیان لە بواری هۆشیاری نەتەوەییدا زیاتر بکەن و مێژووی ڕابردووی نەتەوەی کورد بە نەوەی نویٚ زیاتر ئاشنا بکەن.

**3–ڕاسپاردەی توێژینەوەکە:**لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە ،کەلەسەر دوو کەناڵی ئاسمانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجامدراوە، توێژەران بەپێویستی دەزانن چەند ڕاسپاردەیەك بۆ توێژەرانی داهاتوو بخەنەڕوو:

أ– توێژەران بە پێویستی دەزانن ،کە توێژەرانی داهاتوو ڕابسپێرن بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری میدیای کوردی لە باشوری کوردستان لە هەمبەر هۆشیاری نەتەوایەتی و پرسی نەتەوەیی کوردی بە گشتی.

ب– توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە توێژەرانی دواتر ڕادەسپێرن ،کە توێژینەوە لەبارەی تێڕوانینی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ریفراندوم ودەوڵەتی نەتەوەییکوردییەکەن.

ج– توێژەران بەپێویستی دەزانن کە توێژەران لە داهاتوودا توێژینەوەی زانستی لەبارەی سیستەمی (نەتەوەی دیموکراتیك) ئەنجام بدەن ،کە لەکاتی ئێستادا ( پارتی کرێکارانی کوردستان) وەك سیستەمێکی نوێی سیاسی و چارەسەری پرسی کورد کاری لەسەر دەکات.

د– توێژەران بە گونجاوی دەزانن کە توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی (خوێنراو، بیستراو، بینراو، ئەلیکترونی)ی پارتی کرێکارانی کوردستان بکرێت ،تاکو زیاتر ڕۆشنایی بخرێتەسەر ڕۆڵییان لەکایە جیاوازەکانداو روونتر بکرێتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە، کەتاکو ئێستا توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە.

**شەشەم:لیستی سەرچاوەکان**


**أ_ سەرچاوەکوردیەکان:**

1–بیار مصطفی سیف الدین، کێشەی کورد لەپەیوەندییەکانی ئەمریکا _ تورکیا،وەرگێڕانی:سەمەد ئەحمەد،چاپی یەکەم،هەولێر،2009.

2–بەهادینئەحمەد،سەرەتایەکبۆمێژوویڕاگەیاندنیکوردی،خانەیبلاوکردنەوەیچوارچرا،زنجیرە (258) سلێمانی، 2010.

3– حەسەن جودی، مێژوویێك لەئاگر– نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی،دیمانەیەك لەگەڵ (جەمیل بایك) دا، لەبلاوکراوەکانی (پ.چ.د.ك)،ب.س.

4– دیڤید ماکداول،مێژووی هاوچەرخی کوردو:ئەبوبەکر خۆشناو،چ2،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،2005.

5– سعد ناجی جواد، پرسی نەتەوایەتی کورد،وەرگێڕانی:بەرزانی مەلاتەها،چاپخانەی سایە،سلێمانی،2009.

6– سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵلا، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لەپەیوەندییە هەرێمیەکانی تورکیادا(1980–1999)،نامەیەکی دکتۆرایە،پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،2014.

7–سامی شۆڕش،تورکیاو ئەوروپا– کورد لەوبازنەیەدا،چاپخانەی خانی،هەولێر،2005.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:02-30
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.5 Feb/2017

8- عەبدوللا ئۆج ئالان، بەرگریکردن لەگەلێك،و: لوقمان عەبدوللا، چاپخانەی رەنج، لەبلاوكراوەكانی مەكتەبی راگەیاندنی (پ.چ.د.ك)،ب.ش،ب.س.

9- فۆئادتاهیرصادق،هۆشیاری، مطبعةالارشاد، بەغداد،1987.

10-كریس كۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەی كوردوهیوای سەربەخۆیی،وەرگێرانی لەفارسیەوە: ئەكرەمی میهرداد،بەرگی دووەم،سلێمانی 2003.

11-ماجدخەلیل،رێكخستنەسیاسیەكانیباكوریكوردستان(1960-1980)،چاپخانەیحاجیهاشم،هەولێر،2012.

12- مەكتەبی ناوەندی دیراسات وتوێژینەوەی (پ.د.ك)، پارتی كرێكارانی كوردستان و رۆڵی لەبزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی كوردستاندا،چاپی یەكەم،لەبلاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی دیراسات وتوێژینەوە،1996، دیراسەی ژمارە (10)

13-هاوكار محێدین جەلیل، دۆزی كورد لەتوركیا لەساڵانی( 1980-1999) ،لەبلاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی ،هەولێر،2012.

14-هەڤاڵ جومعە، مێژووی پارتی كرێكارانی كوردستان،لەبلاوكراوەكانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی،ب.ش.ب.س.

**ب- سەرچاوەعەرەبیەكان:**

1- ابراهيم الداقوقي، اكراد تركيا،دار المدى للثقافة والنشر،سورية - دمشق،2003،ص297.

2-هنرى باركى وآخرون، القضية الكردية في تركيا،ت:هفال، مؤسسة موكرياني للبحوثوالنشر اربيل،2007.

3-حسن اسماعيل عبيد،الفضائيات وآثارهاعلى الاسرة والمجتمع، في بحوث وأوراق عمل المتلقي العربي بعنوان: أثر الفضايات على الأسرة العربية، شباط 2007،المنظمة العربية للتنمية الادارية،القاهرة، مصر،2007.

4-كرم شلبي، فن كتابة الراديو و التلفيزيون، دارالشروق، القاهرة ،بدون سنة الطبع.

5- ميخائيل م.جونتر،الاكراد ومستقبل تركيا،ت: سعاد محمود ابراهيم خضر،مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية،السليمانية،2007.

6- المبادئ الاساسية لحزب عمال كردستان، اللجنة المركزية لحزب العمال الكردستاني.

7- ليل على مراد وآخرون،القضية الكردية في تركيا وتأثيرهاعلى دول الجوار،مركز الدراسات التركية،جامعة الموصل،1989.

8- رعد عبدالجليل مصطفى الخليل،صراع الاستيعاب و الانفصال،دراسة تجربة (الحزب العمال الكردستاني) في تركيا، الوحدة الوطنية ومشكلةلاقليات في لعالم الثالث،مركز دراسات العالم الثالث،كلية العلوم السياسية،جامعة بغداد،مطبعة التعليم العالي في الموصل،1989.

**ج- سەرچاوە ئینگلیزیەكان:**

**-1**David Romanos, The Kurdish nationalist movement, opportunity ,mobilization and Identity, Cambridge university press,2006.

**د- سایتی ئینتەرنێت:**

Daily News, 9/7/2016 - 1History of PKK in Turkey , www.

2- موقع منتديات كواليتى ، مفهوم الدور، ضمن الموقع :

http:// movies. Yahoo.com .2016/7/18 تأريخ الزيارة: ،

3- زهديالداوودي،نشوءالوعيالقوميوتطورهعندالكورد، ضمن الموقع :

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=281211، تأريخ الزيارة:2016/7/22.

**ه-چاوپێكەوتنەكان:**

1- سەردارستار، چالاكوانی سیاسی،چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا، بەرواری چاوپێكەوتن: 2016/7/18،سلێمانی.

2- كاروان ئیبراهیم ،رۆژنامەنوسی نزیك لە پارتی كرێكارانی كوردستان،چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێكەوتن:2016/7/24 ، سلێمانی.

3- نەجیبە قەرەداغی، رۆژنامەوان لە كەناڵی ئاسمانی (ستێرك تیڤی) ، چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا،بەرواری چاوپێكەوتن: 2016/7/22 ، سلێمانی

4- هەندرین فەرەج هەورامی، رۆژنامەوان لە كەناڵی ئاسمانی (روناهی تیڤی)، چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵیدا، بەرواری چاوپێكەوتن: 2016/7/25 ، سلێمانی.